ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | پێنج شەممە ١٥ی گەلاوێژ ١٣٩٤ _ ٦ی ئاگۆست ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٦١ | www.kurdistanukurd.com



بە بۆنەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان و خۆڕاگری لە پێناوی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، بە تایبەتی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین. بە هیوای سەرکەوتن و وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەڕێوەبەران و کارگێڕانی «کوردستان»

# ٧٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا




### بەرەو حەفتایەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی (١٦ی ئاگوستی٢٠١٥) ٧٠ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا تێدەپەڕێ. حەوت دەیەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و یەکێکە لە هێزە سەرەکییەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد. ئەم حیزبە لە مێژووی تێکۆشانی مافخوازانەی خۆی‌دا کارەسات و کەندوکۆسپ و دژوارییی زۆریشی بۆهاتوتە پێش. ڕۆژان و قۆناغی دژواری ئەزموون کردوە و تووشی تێکشکان و تەنگەژەی زۆریش بووە، بێگومان لەم ڕێگایەدا تووشی هەڵە و کەموکووڕییش بووە، بەڵام هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاڵای خەباتی مافخوازانەی هەڵنەپەساردوە و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان‌دا، ڕێگای گونجاوی بۆ درێژەدان بە خەبات و ڕێبازەکەی دۆزیوەتەوە. ئەم حیزبە لە ژیانی سیاسیی خۆی‌دا زۆر سەرکەوتن و شانازیشی بۆ خۆی تۆمار کردوون کە لە سەرووی هەموویانەوە دامەزرانی کۆماری کوردستانە کە تەنیا ٥ مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هات.

شانازییەکی گەورەی دیکەی ئەم حیزبە بەردەوام بوونیەتی لە سەر ڕێگا و ئامانجێک کە لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە، بۆخۆی داناوە، ئەوەش خەبات لە هەر هەلومەرجێکدا تا کۆتایی هێنان بە بندەستی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دابینکردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆنەتەوەکەیەی.

### ڕاگەیەندراو

### لەبارەی تێکهەلچوونەکانی ئەم دواییانەی نێوان تورکیەو پ.ک.ک

ڕۆژی هەینی ٣ی گەلاوێژی ١٣٩٤ ( ٢٤ی جولای٢٠١٥) بنکەو بارەگاکانی گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پ ک ک لە ناوچە سنوورییەکانی ئامێدو قەندیل لە نێو خاکی باشووری کوردستان‌دا کەوتنە بەر هێرشی فرۆکە جەنگیەکانی ئەرتەشی تورکیە. لەو هێرشەدا بە داخەوە پۆلێک لە گریلاکانی پ ک ک شەهیدو بریندار بوون‌و، هەروەها زەرەرو زیانی ماڵی‌و گیانی دیکەشی لە ناوچەکە بەدواوە بووە.

ئەو تێکهەلچوون‌و هێرشانە لە نیوان سوپای تورکیەو گریلاکانی پ ک ک لە کاتێکدا ڕوودەدن کە دوو نەتەوەی کوردو تورک لە تورکیە بەگشتی بە هیواو ئومێدەوە سەیری پرۆسەی ئاشتی‌یان دەکردو هیوادار بوون کە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێگاچارەی ئاشتی‌و دانوستان ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر ببنەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێرای دەربرینی بە داخبوونی خۆی لەسەر هەلدانەوەی شەڕو تێکهەڵچوون لە نێوان پ ک کو دەولەتی تورکیە، هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە کێشەی نەتەوەی کورد لە تورکیە بە شەڕو تێکهەلچوون چارەسەر نابێ. بۆیە بۆ جارێکی دیکە داوا لە هەر دوولا دەکا هێرش‌و پەلامار بۆسەر یەکتر ڕابگرن‌و نەهێڵن بەم جۆرە ڕووداوانە ڕەوتی ئاشتی و دیالۆگ لەبار بچێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٦/٧/٢٠١٥
/٥/١٣٩٤



## ئەمریکاو ئورووپا لە هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر پەکەکە نیگەرانن

ئەمەریکاو یەکیەتیی ئورووپا لەو هێرشە ئاسمانییانەی تورکیە دەیانکاتە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان نیگەرانن‌و دەڵێن لەوانەیە ئەو کارە دژکردەوەی تۆڵە سەندنەوەیان لێبکەوێتەوەو لەو نێوەدا خەڵکی مەدەنی ببنە قوربانی.

دەوڵەتی تورکیە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بە سەدان جار بنکەو بارەگاکانی "پ.ک.ک"ی لە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان وەبەر ڕەهێڵەی ئاگر داوە و لەو بۆمبارانانەدا زیانی ماددی و گیانیی زۆر بە خەڵکی مەدەنیی لەو سنوورانە کەوتووە.

ئەم لێدوانانەی کاربەدەستانی ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا لە حاڵێکدایە کە بەهۆی پەلاماری هێزە ئاسمانییەکانی تورکیە بۆ بناری قەندیل هەر حەوتووی ڕابردوو لە گوندی زارگەڵی ٨ کەسی خەڵکی ئەو گوندە کوژران‌و زیاتر لە ٢٠ کەس بریندار بوون.

جێی باسە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا و هاوکات لەگەڵ هێرشە بەربڵاەکانی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر بنکە و بارەگاکانی "پ.ک.ک" و دەستبەسەر کردنی سەدان چالاکی کورد لە نێوخۆی ئەم وڵاتە بە تۆمەتی هاوکاری کردن لەگەڵ پ.ک.ک، زۆر بە توندی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ئاشتیی میللیی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ کوردەکان داناوەو ئەم دوو لایەنە زیاتر لە پێشوو یەکتر بە تاونبار دەناسێنن و کەوتوونەتە شەڕ بە دژی یەکەوە.



حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەریی وڵات لەڕیگەی قانوونەوە

٣



«خۆشەویستی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات لە وتووێژێکدا

٤



حیزبی دێمۆکرات و دەسەڵات

٥

# بەڕێوەچوونی پرسەو سەرەخۆشیی کاک ڕەحمان عەزیزی لە بنکەی دەفتەری سیاسی

کاک ڕەحمانی عەزیزی، ناسراو بە ڕەحمانی هەمزەی؛ کەسایەتیی دڵسۆزو نیشتیمانپەروەرو خۆشناوی ناوچەی نەغەدە و باوکی کاک خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی یەک شەممە،١١ی گەلاوێژ کۆچی دوایی کرد.

هەر بەم بۆنەیەوە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٢ی گەلاوێژ لە بنکەی دەفتەری سیاسی، بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشی بەڕێوەچوو؛ نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان، کەسایەتییە سیاسیو ئەدەبیو فەرهەنگییەکانو ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان لە نیزیکەوە هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ کاک خالید عەزیزی دەربڕی.



ڕەحمانی هەمزەی لە دایکبووی ١٣١٠ی هەتاویو لە گوندی ئاڵیاوێی شێخانی ناوچەی سندووس لە دایک بووە. کاک ڕەحمان لە ئەندامە دێرینەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەو لە ساڵەکانی دەیەی ٣٠ی هەتاوییەوە بۆتە ئەندامی حیزب. کاک ڕەحمان دەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئەندامێکی خاوەن هەستو دڵسۆز بوو، خۆشەویستی نێو کۆمەڵگای خۆی بوو، هەموو کاتێک ئەرکی کادرێکی حیزبی ڕادەپەڕاند، کەسایەتییەکی لە رادەبەدەر کەم تەوەقوع بەڵام دڵگەورە بوو. لەنێو زەحمەتکێشانی گوندنشیندا، خاوەنی نفووزی کەلام بوو، تەنانەت لە نێو ئازەرییەکانی ناوچەکەشدا زۆر خۆشەویست بوو.

بەدوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا کاک ڕەحمان وەک کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەرو خاوەن هەڵوێستو بەرابردوو لە ناوچەکانی شنۆو نەغەدەو پیرانشار جێگای ڕێزو ئیحترام بوو.

# پەیامی سپاسو پێزانینی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حدک بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکییەوە

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک سپاسو پێزانینی خۆی سەبارەت بە هاوخەمیی بەرینی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکی دەربڕیوە.

دەقی پەیامی سپاسو پێزانینی خالید عەزیزی بەبۆنەی مەرگی مام ڕەحمان عەزیزی

لە ماوەی چوار ڕۆژی رابردوودا کە هەواڵی کۆچی دوایی بابم، رەحمان عەزیزی ناسراو بە "رەحمان هەمزەیی" بڵاو بۆوە. شەپۆلێک لە هاودەردیو هاوخەمی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو دەرەوەی وڵات رووی لە منو بنەماڵەکەم کرد.

لە شاری نەغەدە لە مزگەوتی "ئەمیر حوسینی" لەماوەی دوو ڕۆژ پرسەگیران خەڵکی بە وفاو دڵسۆزی کوردایەتیو ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەتی ناوچەکانی شنۆو نەغەدەو پیرانشار بە بەشداریی خۆیان لە سەرەخۆشیو ماتەمینی لەدەستدانی بابمان، خەمیان لەسەر بنەماڵەو کەسوکارم سووک کرد. لە هەمان کاتدا لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژدا بە ئامادەبوونی کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی ڕێبەریو بنەماڵەکانیانو نوێنەرانی حیزبو لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوخەمیان لەگەڵ من کرد و لە ڕێورەسمی سەرەخۆشیەکەدا بەشداربوون و ئەو بەشدارییە بەربەرینە نیشانی وەفایە بۆ کەسێک کە لە هەلومەرجی دژوار دا وەک ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکڕات کارو چالاکی سیاسی و تەشکیلاتی بووەو لە هەمان حاڵدا بۆ منو بنەماڵەکەشم بوو بە مایەی دڵگەرمی زیاترو رەواندنەوەی تەمی خەمو پەژارەی لە دەستدانی باوکم.



بە پێویستی دەزانم لە ڕێگەی ئەو نووسراوەیەوە سوپاس و قەدرزانی خۆم پێشکەشی هەموو ئەوانە بکەم کە لە ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانو هەموو ئەو کەسانەش کە نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ بەشداری ڕێورەسمەکە بن؛ بەڵام لە ڕێگای ئیمێل و تەلەفوونو نامەو پەیامەوە هاودەردیو هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ منو بنەماڵەکەم دەربڕیوەو بوونە هۆی سەبووری زیاتری ئێمەو؛ خەمی لەدەست دانی باوکمیان لەگەڵ بەش کردووین.

**بەحورمەتەوە خالید عەزیزی**
**١٣٩٤/٥/١٥ی هەتاوی**

# بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی بریتانیا حدک لە چالاکییەکی مەلبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن

**هەیئەتێکی کومیتەی بریتانیا حیزبی دێموکڕاتی کوردسان لە چالاکییەکی مەلبەندی ڕۆشنبیریی کورد لەلەندەن بۆ منداڵانی شەهیدان بەشداریی کرد.**

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی پوشپەڕ مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە شاری لەندەن، پێتەختی بریتانیا، کوڕە شێعرێکی بۆ مامۆستا جەمال شارباژێریو رەنج بەرزنجی و گەشبیر ئەحمەد، دوو لاوی تازە پێگەیشتوو لە شێعر و ئەدبیاتی کوردی پێکهێنا. پێکهێنانی ئەو کوڕە شێعرییە، لە چوارچێوەی ئەو کاروچالاکییانەی ئەو مەڵبەندەیە بۆ کۆکردنەوەی هاریکاری بۆ منداڵانی کوردستان.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بە کەسانی چالاکو هەڵسووڕ لە مەلبەندی ڕۆشنبیری بەخشرا.

لە کاتی پێشکەشکردنی خەڵاتەکاندا، مەولوود، سوارە ئەندامی ڕێبەریو نوێنەری حیزب لە بریتانیا، یەکێک لەو خەڵاتانەی پێشکەشی وەرگرانی خەڵاتەکە کرد و لە پێوەندی لەگەڵ کارو چالاکیو گرینگیی مەلبەندی ڕۆشنبیری کورد وتەیەکی پێشکەش کرد.



لەکۆتایی بەرنامەکە ئامادەبووان یارمەتییەکانی خۆیان بە مەبەستی یارمەتیدانی منداڵانی شەهیدان خستە سندووقەوە.

شایانی باسە هەیئەتی حیزب بۆ بەشداریی لەو ڕێوڕەسمە لە مەولوود سوارە، جەماڵ جەباریو خاتوو مینا محمودیان پێکهاتبوو.

# سەردانی کۆمیتەی فەرانسەی حدک لە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە

**هەیئەتێکی کۆمیتەی فەرانسەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە فەرانسە کرد**

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٥/٧/٢٩ (١٣٩٤/٥/٧) هەیئەتێک لە کۆمیتەی فەرانسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئارەش زەمانی بەرپرسی کۆمیتە و مەسعوود رەواندوست ئەندامی ڕێبەریی حیزب، بە سەرپەرستیی جەلیل گادانی، ئەندامی راوێژکاری دەفتەری سیاسیی حیزب، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی فەرانسەیان کردو لە لایەن دارا بەکر ساڵح، نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە فەرانسەوە پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا هەیئەتی کۆمیتەی حیزب لە فەرانسە وێڕای پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی نوێنەری تازەی حکوومەتی هەرێم، هیوای سەرکەوتنو بەرەپێشچوونی زیاتریان بۆ نوێنەرایەتییەکەو هەروەها بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاوات خواست.

لە درێژەی دیدارەکەدا دوو لایەن باسیان لە دوایین



رووداو و پێشهاتەکانی کوردستان و ناوچەکە کردو ڕوانگەو بۆچوونی خۆیان لەمبارەوە خستەڕوو.

لەو دانیشتنەدا دوولایەن تەئکیدیان لەسەر پێویستیی یەکڕیزیو یەکگرتوویی کورد لە هەموو بوارەکانداو بە تایبەت لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستای ناوچەکەدا کردوە.

لە کۆتاییدا نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەم دیدارە، سپاسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو ئامادەیی خۆیانی بۆ هاوکاریی هەموو هێز و لایەنە کوردستانییەکان دەربڕی.

# سەردانی هەیئەتێکی حدک لە نوێنەرایەتیی HDP لە هەولێر

**هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر سەردانی نوێنەرایەتیی پارتی دێموکڕاتی گەلان HDPی لە شاری هەولێر کرد.**

ڕۆژی یەک شەممە ٤ی گەلاوێژی ٩٤ ( ٢٦ی جولای ٢٠١٥ ) شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەییو حەسن کاکیلی سەردانی نوێنەرایەتیی HDP یان لە هەولێرکرد و لەگەڵ شاندێکی ئەو حیزبە کوردییەی باکووری کوردستان بە سەرپەرستیی شیلان ئەمین ئۆغلۆ کۆبوونەوە.

لەو دیدارو گفتوگۆیەدا دوولایەن لە سەر بارودۆخی کورد بە گشتیو ڕووداوو پێشهاتە هەستیارەکانی ئەم دوایانەی تورکیەو باکووری کوردستان قسەو ئاڵوگۆری بیروڕایان کردو دوو لایەن ڕوانینو هەڵوێستی خۆیان هینایە بەر باس.



لەو دانیشتنەدا هەردوولا بە تاوتوێی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان تورکیەو پ ک ک بە گشتی لەسەر ئەو قەناعەتە بوون کە ئەم بارودۆخە بە قازانجی پرسی کوردو ژیانی ئاشتییانەی گەلانی دانیشتووی ناوچەکە نیەو خوازیاری چارەسەری کێشەو قەیرانەکانی پێکهاتووی نێوان حکومەتی تورکیەو پ ک ک لە ڕێگای دیالۆگو سیاسیەوە بوون.

# بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی «ئۆرێبروو»ی حدک لە کۆبوونەوەیەکی حیزبە کوردستانییەکاندا

**بە بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی «ئۆرێبروو»ی حدک کۆبوونەوەیەکی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو.**

لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی کومیتەی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە شاری ئۆرێبرووی سوید، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٩ی جولای ٢٠١٥ زایینی، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ئۆرێبروو، بەشداری کۆبوونەوەیەکیان کرد کە نوێنەرایەتیی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان تێیدا بەشدار بوون.

ئەو کۆبوونەوەیە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای کوردستانو بە تایبەت هێرشەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی تورکیە بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بناری قەندیل و هەڵگیرسانەوەی شەڕ دژ بە کورد لە باکووری کوردستان ڕێکخرابوو.

هەروەها مەبەستێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە کە بە دەستپێشخەریی کومیتەی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو شارە ڕێکخرابوو، یەکخستنی دەنگی هەموو هێزە سیاسییە کوردییەکان دژ بەو هێرشانە بوو کە دەکرێنە سەر کورد.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، وێڕای دەربڕینی پشتگیری خۆیان بۆ دۆزی کورد لە باکووری کوردستان، بەڵێنیان دا کە لە هەموو هەلومەرجێکدا پشتیوانی یەکتر بن.

# دیداری بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمیتەی کانادای حیزب لەگەڵ سڤنید رابینسون

**بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزب لەگەڵ سڤنید ڕابینسۆن دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.**

ڕۆژی پێنجشەممە، ١ی گەلاوێژ خەڵیل ئەشکانی، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزب لەگەڵ سڤنید ڕابینسۆن، پاڕلمانتاری پێشووی کاناداو دۆستی دێرینی کورد کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری خەلیل ئەشکانی وێڕای سپاسو دەربڕینی پێزانین بە هەڵوێستە بوێرانەکانی سڤنید ڕابینسۆن لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی کوردو ڕەخنە لە کۆماری ئیسلامی لە پاڕلمانی ئەو وڵاتە، ناوبراوی لە دوایین ئاڵوگۆرە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانو کوردستان ئاگادار کردەوە و سەرنجی ناوبراوی بۆ پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و کێشە و خواستە کۆمەڵاتییەکانی خەڵک ڕاکێشا.



# سەردانی شاندێکی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانی لە نوێنەرایی حدک لە هەولێر

شاندێکی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانی سەردانی نوێنەرایی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەولێر کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٤ی گەلاوێژ (٥ ی ئۆگۆستی ٢٠١٥) شاندێکی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرستیی سابیر کاریتانی، لێپرسراوی پەیوەندییەکانی مەڵبەند سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو؛ لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزبو حسن کاکیلی کادری نوێنەرایەتیی هەولێرەوە، پێشوازییان لێکرا .

شاندی یەکیەتیی نیشتمانی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان گرینگترین ڕووداو و پرسەکانی کوردستانیان تاوتوێ کرد.



لە کۆتایی ئەو دانیشتنەدا دوو لایەن لە سەر چارەسەری کێشەو گرفتەکانی نێوان حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ڕێگای وتووێژو دیالۆگ پێداگرییان کردەوە و هیواشیان خواست کە پرسی کورد لە پارچەکانی کوردستان دەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بە سەر کوردستاندا، لە ڕێگای سیاسیو دیالۆگەوە چارەسەر بکرێ .

# حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەریی وڵات لەریگەی قانوونەوە



عومەر باڵەکی

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکخستنی پێوەندییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لە نێوان کۆمەڵگەیەک لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیکە، کە ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە پێویستی بە کۆمەڵێک قاعیدە و قانوون و پێبەندی هەیە.

پێ بەپێی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی قانوون گەشەی کردووە و مرۆڤ دوای پێوانی ڕێگەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێوگەیشتۆتە ئەو دەسکەوتەکە شێواوی و هەرج و مەرج و خێلەسەری وەلا بنێ و گوێرایەڵی قانوون بێ. ئەو تەجروبەیە هەروا ئاسان وەدەست نەهاتووە. ئەگەر لە دالانی تەنگ و تاریکی مێژوو بروانین و ڕۆچنەیەک بدۆزینەوە بۆ ڕوانینی ڕابردوو، ئەوەی دەیبینین زیندانەکان، ئەزیت و ئازارەکان، کوشتارەکان، تالان و بڕۆکان و هەموو ئەو کوێرەوەرییانەی کە مرۆڤ بۆ وەدەست هێنانی کەسایەتی، بەختەوەری و ئازادی خۆی کێشاویەتی. هەموو ئەو ئەزیت و ئازار و خەبات و قوربانیدان و ئاوارەیی و دەربەدەرییانەی لەبەر دامەزراندنی حکوومەتی قانوون و نەهێشتنی زوڵم و زۆر لەبەین بردنی زاڵمان و دابین‌کردنی دادپەروەری و یەکسانی بووە.

ئەو کۆمەڵە بنەمایە کە ڕێکەوتنی کۆمەڵگەی لەسەربێ، لە سەردەمی ئێستادا بە قانوون دەناسرێ و ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەک لە بواری شارستانییەتەوە پێش هەموو بابەتێک بەڕادەی پابەندبوونی تاکەکانەوە بە قانوونەوە دەستنیشان دەکرێ، بە کورتی بەختەوەری هەر کۆمەڵگەیەک بەستراوەتەوە بە سیستمی قانوونیی ئەو وڵاتە.


واتە نیزامی قانوونی ئەو وڵاتە چەندە دەرفەتی ڕەخساندوە کەسایەتی مرۆڤەکان بە قانوون پارێزراو بێت و لە هەمان کات‌دا تاکی ئەو کۆمەڵگەیە چەندە ئامادەیە لە چوارچێوەی ئەو قانوونەدا هەڵسو کەوتی خۆی ڕێکبخا. ئەوە روون و ئاشکرایە هەتا ڕادەی پابەندبوونی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بە قانوون ڕوو لە زیاد بوون بێ بەوڕادیەش ئەو کۆمەڵگایە بەرەو ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری دەڕواو زۆر سروشتییە لە کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگیردا هەنگاوەکان بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری و سیاسی خێراتر دەبێ.

کۆمەڵگەی کوردەواریش لەو قانوونە بەدەر نییە، بەڵام هەموومان باش دەزانین کە کورد هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە کە خۆی حوکمی خۆی بکا « بەخۆشییەوە ئێستا هەرێمی کوردستان (عێراق) ئەو قۆناغەی هەتا ڕادەیەک تێپەڕ کردوە"، بەڵام بەو حاڵەش هەر کاتێک دەرفەتێک ڕەخسابێ یەکەم شت کە بیری لێ کرابێتەوە ڕێکخستنی کۆمەڵگە بووە کە دیارە ئەو بابەتە زۆرتر لەلایەن حیزبەکانەوە جێبەجێ کراوە، چونکە حیزبەکان ڕێبەری جووڵانەوەکانیان کردوە و ئەو ڕێبەری کردنە تەنیا لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمن‌دا کورت نەبۆتەوە، بەڵکوو لایەنی دیکەی وەک دروست‌کردنی فەرهەنگی پێشکەوتوو و سەردەمیانە و لە هەمان حاڵ‌دا ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە بواری جۆراوجۆردا لە دەستوری کاریان‌دا بووە وەک ئەرک بۆ خۆیان دەستنیشان کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو حیزبانەیە لە ماوەی ٧٠ساڵی ڕابردوودا مێژوویەکی پڕ لە هەورازونشێوی لە مەیدانی خەبات‌دا تێپەڕ کردوە و گەلێک شانازی لە مێژووی کورددا بۆخۆی تۆمار کردوە. لە ماوەی ئەو ٧٠ ساڵەدا لە چەند قۆناغی جیاوازی مێژوویی‌دا بەڕێوەبەری و ئیدارەکردنی خەڵک و وڵاتی کەوتۆتە سەر شانی (سەردەمی کۆماری کوردستان، دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی) لە هەرکام لەو قۆناغانەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک یاساوڕێسای بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە تەنزیم کردوە و لە ڕێگەی داموودەزگای بەڕێوەبەری خۆی ئیدارەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێکردوە

لە قۆناغی کۆماری کوردستان‌دا حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیویەتی داموودەزگای کۆماری کوردستان بەڕێوەبەرێ و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی‌دا لەرێگای دەزگای دادوەرییەوە کێشە و گرفتی خەڵک چارەسەر بکا. لە حاڵێک‌دا کۆماری کوردستان هەل و دەرفەتی ئەوەندەی لە بەردەست‌دا نەبووە کە بتوانێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی لە نێو خەڵک‌دا ناوەندێکی قانوون‌دانان پێک بێنێ و لە ڕێگەی ئەو ناوەندەوە کە هەمان پارلمانە بە پەسندکردنی گەلالە و تەرح کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستن، کۆمەڵێک قانوون لە بواری جیاوازدا پەسەند بکا و لە ڕێگەی دەزگای ئیجراییەوە لە نێو کۆمەڵگەدا بەڕێوەیان بەرێ.

بەڵام بەڕێوبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەمان بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستانن دەستیان لە سەر دەست‌دا نەناوەو بۆ چرکەیەکیش نەیانهێشتوە کات بە فیرۆ بچێ بەو مانایە لە هەموو بوارەکانی ژیان‌دا بە پێی گرنگی بابەتەکە قانوونیان دەرکردوە و بە ڕای گشتیی کۆمەڵگەیان ڕاگەیاندوە. دوای ڕاگەیاندنی بابەتەکە، داموودەزگای پێوەندی‌دار لە حکوومەتی کۆماری کوردستان‌دا هەوڵیان داوە قانوونەکە بخەنە بواری جێبەجێکردن واتە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بابەتەدا وەک پارلمان کاری کردوە و هەیئەتی، وەزیران وەک دەزگای ئیجرایی قانوونەکان و پرۆژە و گەلاڵەکانی بەڕێوە بردووە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەتوانن ڕۆژنامەی کوردستان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا چاپ و بڵاو بۆتەوە وەک بەڵگە بە نموونە بێنینەوە چونکە لە هیچ لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا نابیندرێ ئەو بابەتانەی کە پێوەندیان بە هەموو کۆمەڵگەوە هەیە بێجگە لە ئیمزای کۆمیتەی ناوەندی ئیمزای دیکەیان لەسەر بێ تەنیا ئەو بابەتانە نەبێ کە تایبەت و خاسن و یەک بابەت لە ژیانی کۆمەڵگەدا لەخۆ دەگرن، لە ڕێگەی سەرۆکی ئیدارەکان یا وەزیرەکانەوە دەرچوون کە ئەوانیش لە ژێر ڕێنوێنییەکانی کومێتەی مەرکەزی و شەخسی پێشەوادا ئەو قەرارانەیان دەرکردوەو هەر لەو پێوەندیەدا باشە ئیشارە بە دەرکردنی قانوونی مجازاتی گشتی بکەین کە لە ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١ لە ٩ مادەو دوو تێبینی دا لەلایەن کومیتەی مەرکەزی حیزبەوە دەرچووە کە باسی جاسووسی، مەستی و هەرزەیی، دزی و لە نێوبردنی ماڵی دەوڵەت، هەڕەشە بە چەک، زۆرهێنان بۆ هاوسەر یان کەسانی دیکە، تریاک کێشان، هەڵاتن لە شەڕ، خەیانەت بە میللەت یا دەوڵەت یان نیشتمان، دەستدرێژی بۆسەر ناموسی خەڵک، بەرتیل وەرگرتن، دەکا و هەر کام لەو تاوانانە سزای خۆیان بۆ دیاری کراوە.



حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناغێکی دیکەی خەبات‌دا دیسان ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتی کەوتە سەرشان بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامی شەڕی بە ناحەقی بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا سەپاند و کوردستانی لە هەموو بارێکەوە (ئابووری، فەرهەنگی‌و پەروەردە، تەنانەت هاتوچۆو ڕاگواستن) ئابلۆقەدا بوو و لەو قۆناغە هەستیار و ناسکەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو ئەرکی گرینگی کەوتبوو سەرشان، هەم دەبوایە لە بەرامبەر هێرشی سوپای بێ ئەمانی کۆماری ئیسلامی‌دا لە کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان دیفاع بکا و هەم ئیدارەی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک بکا واتە، بەڕێوەبەریی وڵاتی کەوتبوو سەرشان، چونکە لە کوردستان بۆشایی دەسەڵاتو حوکمڕانی دەوڵەت بە تەواوی دیار بوو و زۆربەی ئیدارە و شوێنە گشتییەکان کە حکوومەت دەبوایە ئیدارەیان بکا یان بە تەعتیل بوون یان وەک لە کۆڵ خۆکردنەوە کاریان دەکرد.

لە قۆناغێکی وا هەستیاردا حیزبی دێموکراتی کوردستان شانی وەبەر هەر دوو مەسئولیەت‌دا و بە پێی توانای خۆی هەوڵی دا بە وەڕێخستنەوەی ئیدارات و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان بۆشایی دەسەڵات و حاکمیەت پڕ بکاتەوە.

دامەزراندنی نەخۆشخانەی شۆڕش، پەروەردە و بارهێنانی مامۆستایانی شۆڕش و چاپی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە بواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی حیزب ئەوانە و دەیان کاری دیکە لە کارە بەنرخەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو قۆناغەدا بوون.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە شەڕێکی قورس لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە سەر خەڵکی کوردستان‌دا سەپابوو، ئەرکی قورسی دیفاع و بەربەرەکانی شەر لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە ڕێکخستنی کاروباری نێو کۆمەڵگەی کوردستان کەوتبووە سەرشانی حیزبی دێموکرات، هەر بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو حیزبە هەوڵی دەدا بە بەرنامەکانی خۆی‌دا بێتەوە و باشتر و ڕێکوپێک‌تریان بکا بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی زیاتر بە کۆمەڵگە بکا.

هەر وەکی پێشتر باسمان کرد ئەرکی بەڕێوەبەری وڵاتی کەوتبووە سەرشانی حیزبی دێموکرات و پێی‌بەپێی شەر و بەربەرەکانی لەگەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبوایە لە مافی تاک و گشتی لە بەرامبەر تاوان و دەست‌درێژی‌دا دیفاع بکا، کە ئەویش تەنیا لە ڕێگەی دامەزراندنی داموودەزگای قەزایی و بە قانوون‌کردنی کۆمەڵگە دەستەبەر دەبوو. هەر بۆیە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ١٩٨٠دا دەفتەری سیاسیی حیزب گەلاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی و قانوونی سزادانی گشتی پەسند کرد و لەو ڕێگەیەوە توانی هەتا ئەو کاتانەی پێشمەرگە حزووری چالاکی هەبوو لە ناوچە جۆراجۆرەکانی کوردستان، چارەسەری گیروگرفتی خەڵک بکا. لە سەرەتای ئەو گەلاڵەیە بەو شێوەیە باس لە پێویستی دانانی قانوونێک دەکا کە بتوانێ مافەکانی کەسانی حەقیقی و حقوقی بپارێزێ:

«لە کاتێکدا تەواوی مافی مرۆڤایەتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا پێشێل کراوە و لە هەل‌ومەرجێک‌دا کە بزووتنەوەی نیشتمانی و دێموکراتیکی گەلی کورد بە هەست پێکردن بە ئەرکی مێژوویی و شۆڕشگێڕانەی خۆی تێدەکۆشێ کە کەند و کۆسپە کۆمەڵایەتییەکانی وەلا بندرێ و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتوانە بەرێتە پێش، بۆ بەرگری لە پاراستنی مافەکانی «اشخاص حقیقی و حقوقی» پێویستی هەیە، بەم هۆیەوە قانوونی سزای گشتی لەلایەن کۆمیسیۆنی قەزایی کە بەرهەمی تێکۆشانی بزووتنەوەی نیشتمانی و دێموکراتیکی گەلی کوردە ئامادە کراوە، بەڕێوە دەچێ. ئەم قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پەسند و تەئید کراوە و هێزی پێشمەرگە زامنی ئیجرایی ئەو قانوونەیە. لەو پێشەکییە کورتەدا بۆمان دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە وەک حیزبێک لە دایک بووە کە وەک دەوڵەت لەگەڵ ڕێکخستی کۆمەڵگە و ڕووداوەکان هەڵس‌وکەوتی کردوە و خۆی لە بەرامبەر قەدەرو چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرپرسیار زانیوە.

ئەوەتا لەو پێشەکییەدا دەڵێ: « بە ئەرکی مێژوویی‌و شۆڕشگێڕانەی خۆی تێدەکۆشی کە کەندو کۆسپەکانی کۆمەڵایەتی وەلا بنرێ‌و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتووانە بەرێتە پێش»و هەر لێرەدا باس لە پاراستنی مافەکانی «اشخاص حقیقی و حقوقی» دەکاو لە کۆتایی‌دا دەڵێ ئەو قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە پەسەند گەیشتووە واتە حیزبی دێموکراتی وەک پارلمان و سیستمی بەڕێوەبەری وڵات هەڵس‌و کەوتی کردووەو لە هەمان حاڵ‌دا ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو قانوونە دەخاتە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە کە لەژێر سازمان و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەن.

# گەورەتر لە حیزب!



ناسر باباخانی

هەفتا ساڵ بە سەر تەمەنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، حیزبێک کە تا هەنووکەش هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی دیکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی دووپات کاتەوە، کە بێگومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی نەتەوەیی کە کلیل‌وشەکانی ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری پارچەکانی تردا زاڵ و دیارە.

بێشک دەکرێ زۆر دەسکەوتی گرینگی تری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی هی سەرەتای دامەزرانی دەسنیشان بکەین کە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە نییە. جگە لەم دەسکەوتانە، بە دڵنیاییشەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە، لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە تا دابڕان و لەتبوون و شەهید بوونی سەرکردە کاریزماکانی و دواجار ئەم دۆخە کارەساتبارەی ئێستای خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەدەر لەم دەسکەوتانەی وەدست هاتووە و بەدەر لەم کارەساتانەی بەسەریدا هاتووە، حیزبی دێموکرات «بەرپرسترین» حیزبی مێژووی نەتەوەی کوردە. ئەم حیزبە لە زۆر بڕگەی مێژووی تێکۆشانی خۆی دا غەدری لە خۆی کردووە، بەڵام دالدە و یارمەتیدەری شۆڕش لە پارچەکانی تر بووە، لە ڕێبازی نەتەوەیی لاینەداوە تەنانەت بۆ ساتێک، لە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی وڵاتانی دراوسێی پارچەکانی تری کوردستان دا هەرگیز بەرژەوەندی براکانی فیدای بەرژەوەندی خۆی نەکردووە و... ئەم هەست بە بەرپرسیارییەت و مەسئوولییەتە بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو، گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ سازکردووە. خۆ ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بێوێنەیەی لە لای خەڵکی ڕۆژهەڵات نەبوایە و پاڵپشتی ئەم گەلە نەبوایە دەمێک ساڵ بوو تێداچووبوو. پەیوەندی نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا جگە لە ڕەهەندە ڕزگاریخوازییەکەی وەک بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک، سۆز و عاتیفەیەکی کەم‌وێنەی پێوەدیارە کە زۆر جاران خۆ لە قەرەی چیرۆک و ئەفسانە دەدا و ئەمە بۆتە ڕەمزی هەرمانی حیزبی دێموکرات لە ناو دڵ و گیانی خەڵکی کوردستاندا.

ئاوڕێکی خێرا بۆ سەر قۆناغەکانی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەمان بۆدەردەخا کە ئێستاشی لەگەڵدابێ سەردەمی کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناغی ئەم حیزبە بووە و لە پاش هەرەسی کۆمار، هەرگیز نەگەیوەتە داوێنی ئەم لووتکەیە. دیارە زۆر هۆکار هەیە کە ئاماژەی پێبکەین کە بۆچی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەی تێنەپەڕاندووە. بەڵام کە بێینە زەمانی حازر، لە ڕاستیدا ئەم حیزبە ئێستا لە دوو ڕەهەندی سیاسی و ڕێکخراوەییدا تووشی قەیران بووە. بەتایبەتی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران جگە لە دەیەی ٨٠ی زایینی، ئەم قەیرانانە زیاتر خۆیان دەرخستووە، بەڵام ئەوەی هیوابەخشە دوو پتانسییەلی گەورەی ناوخۆی حیزب و ناوخۆی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕزگار بوونی لەم قەیرانانە و بووژانەوی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکەمیان بریتییە لە توانایی و پتانسییەلی نێوخۆی حیزب بۆ بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوو. وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: (پێشەنگیی و ئاوەڵناوی شۆڕشگێڕی حیزبێکی سیاسی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە چۆناوچۆن بۆ هەڵەکانی ڕابردووی دەڕوانێ، حیزبێکی شۆڕشگێڕ نابێ ترسی ئەوەی هەبێ کە بە کوتنی هەڵەکانی دوژمن پێی شاد دەبێ یان لە ڕادەی باوەڕپێکراوییەکەی کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانە دان بە هەڵەنان و ڕاست کردنەوەیان باوەڕپێکراوی حیزب لە ناو خەڵکدا دەباتە سەر و «جیددی» بوون و «بەرپرس» بوونی حیزب نیشان دەدا.) دووەم ئەم پێگە قورس و قایمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی حیزبی دێموکرات کە لە ناوخۆی کوردستان هەیەتی دەکرێ ئەم ئومێدەمان بداتێ کە سەرکردایەتی سیاسی ئەم حیزبە لەم پتانسییەلانە کەڵک وەرگرێ بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتار و خەبات، بە ڕەچاو کردنی واقێعبینانەی بارودۆخی ناوخۆیی، ناوچەیی و تەنانەت نێونەتەوەیی.

ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا شاخ و شار لە ناو هەناوی یەکتردا بوون و لە دەیەی ٨٠دا شاخ و شار لێک گرێدرابوون، ئەوە لە ساتەوەختی ئێستادا شاخ و شار بە تەواوی لێکدابڕاون. کەوابوو بە پێی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی جیددی و بەرپرس بووە، دەتوانێ بە ئاوڕدانەوەیەکی سەرلەنوێ بۆ دۆخی خۆی و وەرگرتنی ڕەخنە و گلەیی و گازەندەکانی ناوخۆ بە هەموو جیاوازییەکانەوە، دیسان ببێتەوە حیزبەکەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان، دێموکرات تەنیا حیزبی سکرتێر، دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کادر و پێشمەرگە نییە... دێموکرات وەک چۆن لە سەرەتای دامەزرانی‌دا حیزبی تەواوی گەلی کورستان بوو، ئێستاش دەبێ دوکتورینە سەرەکییەکەی ئەوە بێ بە مکانیزمی گونجاو و کردەیی و پشتئەستوور بە تیۆری لە مەیدانی خەباتدا گەورەتر لە حیزبێک خۆی بنوێنێ!

**ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا شاخ و شار لە ناو هەناوی یەکتردا بوون و لە دەیەی ٨٠دا شاخ و شار لێک گرێدرابوون، ئەوە لە ساتەوەختی ئێستادا شاخ و شار بە تەواوی لێکدابڕاون. کەوابوو بە پێی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی جیددی و بەرپرس بووە، دەتوانێ بە ئاوڕدانەوەیەکی سەرلەنوێ بۆ دۆخی خۆی و وەرگرتنی ڕەخنە و گلەیی و گازەندەکانی ناوخۆ بە هەموو جیاوازییەکانەوە، دیسان ببێتەوە حیزبەکەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان**

# «خۆشەویستی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات هەوێنی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبەن»

## لە وتوویژێکی تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



**ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کردوە بە ئامانجی خەباتی ٧٠ ساڵەی خۆی. ئایا درێژ بوونەوەی ئەم خەباتە، نیشانەی نادروستبوونی ئەم ئامانجە نیە؟**

**قادر وریا:** درێژبوونەوەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هیچ جۆر بە مانای نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکەی نییە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆیو نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات دا دابەش کراون، مافێکی ڕەواو ئامانجێکی دروست و پیرۆزە. ئەم ئامانجەو ئەم مافەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکا و خەباتی بۆ دەکا، لە گەڵ پەسندکراوە جیهانییەکان نەک هەر هیچ دژایەتییەکی نییە، بەڵکوو بە مافێکی بێ ئەملاو ئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێ. نە شتێکی نارەوای تێدایەو نە زێدەڕۆیی. کەوایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەرو دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورت دا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوەو چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

**ئارەش لۆرستانی: گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٧ دەیە، هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدا، چین؟ دەتوانی بە کورت باسیان بکەی؟**

**قادر وریا:** بە بڕوای من هۆیەکان ئەمانەن:

یەکەم، پەیبردن بە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانیو دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم گەلەش وەک گەلانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ. دووهەم، پابەندبوون بە ریسالەتو ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتایی دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتتە لە ڕزگار کردنی ئەو گەلە لە بندەستی و بێبەشی. سێهەم، وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبە داو هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبەو لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبە دا، پێشکەشیان کردوە. دەست هەڵگرتن لە خەباتو بەردەوامنەبووبی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانیو تێچووە زۆرەی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد داویانە. چوارەم: درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەو خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێ و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکا.

**ئارەش لۆرستانی: خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگەکانی حیزب لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، بەرگریی چەکدارانە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە لە سەردەمی ئێستا) دا کامانەن؟**

**قادر وریا:** بەرگری چەکدارانە لە گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی ئەو گەلەو پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانە دا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانە دا ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلەو پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێ. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی‌و خەڵکدۆستی‌و فیداکاری‌و ڕێزدانان بۆ خەڵکو بوونی ڕەوشتی بەرزو هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندیانەن کە پێشمەرگەی هەموو قۆناغو سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەم، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بکەم بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لە سەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا. هەر وەها لە ڕووی چاوەڕوانییەکانیان لە حیزبو بزووتنەوەو ڕادەو ئاستی فیداکاری‌و خۆ تەرخانکردنیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و بۆ حیزب. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆمار دا، هێزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکووزیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لە ژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیان دا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزم دابووە. بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەم خەڵکی لادێیان زۆر تێدابووە هەم خەڵکی شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگە دا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێ. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێ‌و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستەو چەکیش کە لەو سەردەمە دا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکا، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان. جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆ پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوو دا دەیبینم، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠و ٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئیستا، پشوودرێژترو خۆڕاگرتر بوون، لە گەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچوون دابوون، پتر لە گەڵ مەترسی بەرەوڕوو بوون‌و هەلومەرجی پێشمەرگایەتییەکان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵ دەگرتو پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگە دا دەمانەوە.



**حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو بڕوایە دایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یا جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەکو تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردەو دەبێ ڕێگە نەدرێ هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دابێ. هەمووانیش دەبێ بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج وداخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو هاوخەبات بن**

**ئارەش لۆرستانی: لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئایا حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یا ڕیفۆرمخواز؟**

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغو سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی دا شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتی‌و کۆماری ئیسلامی دا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێ. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستان دا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەیان ناوبەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆرو شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبە دا داسەپاون ئەگینا هەر کات مەجالی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێ، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دیموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لە گەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە رووی داخوازی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شیوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوەو دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم ڕەخنەی لێ بگرێ هەم خەڵک بۆ بەشداری تیداکردن‌و بەرەوپێشبردن‌و رادیکاڵتر کردنی، هان بدا.

**ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان سیاسەتو پیوەندییەکانی خۆی لە دوو بواری ئێرانی‌و کوردستانی (بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان) چۆن دادەڕێژێ و بەڕێوەیان دەبا؟**

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردوەتە پێش‌و هەوڵی داوە بە ڕادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بداو یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێ. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە. هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەو پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێ کۆشاوە لە گەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لە گەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ و لە گەڵ گەلانی ئێران لەخەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دا، هاوخەبات بێ.

**ئارەش لۆرستانی: بە سەرنجدان بەوە کە لە کوردستان پەیڕەوانی ئایینو ئایینزای جیاواز هەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چ میتۆدێک بۆ یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نەتەوەی کورد سوود وەردەگرێ؟**

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چین‌و توێژێک یا لە هەر ئایین‌و ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکت‌و زاراوەیەک قسەیان کردبێ، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە دا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایین‌و ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە ڕێزیان لێ نراوەو بێڕێزی بە هەر کامیان، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانی‌تر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیرەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز.

بە کورتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو بڕوایە دایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یا جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەکو تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردەو دەبێ ڕێگە نەدرێ هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دابێ. هەمووانیش دەبێ بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج وداخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو هاوخەبات بن.

**ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسیی بە ئەزموون، لە ڕەوتی خەبات لە پێناوی دیموکراسی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ خۆی‌و چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، دادەنێ؟**

**قادر وریا:** ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسی‌و، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆی دا لە گەڵ کەم و کووڕی‌و لاوازیی جۆراوجۆرو ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوەو لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەتو هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، درێغ نەکردن لە قوربانیدان‌و شێلگیربوون لە سەر خەباتو تێکۆشان بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی‌و کۆدەنگی لە نیوکۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان جێ بەجێی کردوە.

دیارە ڕۆڵو ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدان‌و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبەو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٧٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەل‌و دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەڕووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیان وابێ خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دیموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەرو تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێ ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەباتو بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەرو ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوەو لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو پێشنیاری پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو ئامرازە کاریگەرە بێ کە دەتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێ.

# حیزبی دێمۆکرات و دەسەڵات



رەزا محەممەد ئەمینی

حیزبی دێمۆکرات لە دوو قۆناغی مێژوویی جیا لە بەشێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا دەستەڵاتی بەدەستەوە بووە و کارو باری ئەو ناوچانەی بەرێوە بردوە. قۆناخی یەکەم، کۆمار کوردستانە لە ساڵی ١٣٢٤و قۆناغی دووهەمیش دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بوو.

### قۆناغی یەکەم

ئەم قۆناغە لە دەسەڵات لە بەشێک لە رۆژهەڵات دا پێکهات و کەمتر لە سالێک درێژەی بە ژیان داو بەداخەوە لە پاش هێرشی بەربڵاوی لەشکری حکوومەتی ناوەندی بۆ سەر کۆماری ئازەربایجان و تێکشکانی ئەو کۆمارە، کۆماری کوردستانیش سەرەڕای پێداگری پێشەوا قازی محەممەد وهاورێیانی لەسەر دیفاع و بەربەرەکانی لەبەرانبەر لەشکری ئێران، بە هۆکاری جۆراوجۆرکۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هات. دیارە زۆر نووسراوە و کتێب لەسەر کۆماری کوردستان نووسراون و بێ گومان لە داهاتووش دا زۆر لە لێکۆلەران و توێژەران لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆماری کوردستان دێننە بەر باس و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی شی دەکەنەوە. ئەوی لێرە دا گرینگە و جێی باسی ئەم بابەتەیە، ئەوەیە کە کۆماری کوردستان کە لە راستی دا لەسەر دەستی حیزبی دێمۆکرات، وەک تەنیا حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنیا حیزبی دەسەڵاتدار دامەزرا، چۆن دەسەڵاتی خۆی بەکار هێبا و چەندە لە بەرێوە بردنی ئەرکەکانی دا سەرکەوتوو بوو؟ حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان، سەرەڕای نەبوونی ئەزموونی بەرێوە بەری وڵات، بە باوەری زۆربەی هەرەزۆری لێکۆلەرانی کورد و غیرە کورد و بی لایەن، لەو ماوەیە کورتە دا و لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە هەرەشەیان لێدەکرا و دەکرێ بڵێن بەردەوام لە شەردا بوون، توانیان کاری زۆر گەورە لە هەموو بوارەکانی دەستەڵات داری دا بکەن.

راگەیاندنی دەوڵەت لە چەشنی کۆماروپێکهێنانی کابینە و وەزارەت و دامەزرەوە ئیدارییەکان بۆ راپەراندنی کارو بارەکان، دامەزراندنی سوپای نەتەوەیی لە ژێر ناوی هێزی پێشمەرگە، دابین کردنی پێوەندیی باش لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان وپەرەپێدانی ئەوپێوەنییانە لە هەموو بوارەکاندا، گرینگی دان بە کاری فەرهەنگی و چاپەمەنی وراگەیاندن و رادیۆ و لەچاپ دانی گەلێک گۆڤارو رۆژنامە و تێکۆشانی ئەدەبی، خوێندنی منداڵان و دامەزراندنی رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان و لاوان وچەندەها تێکۆشانی دیکە، نیشان دەدا دەستەڵاتەکە، سەرەرای تەمەنی کورتی ئەو کۆمارە و گەلێک کێشە و کەموکورتی؛ وەک یەکەم دەستەڵاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان،سەرکەوتوو بووە. بێ گومان ئەگەر کۆماری ئازەربایجان تێک نەشکابا و سەروک هۆز و عەشیرەتەکان پشتیان لە کۆماری کوردستان نەکردبا و ورەی خەڵکی دانەبەزیبا، دەستەڵاتی کوردی وا بە سانایی تێک نەدەچوو. بەو حالەش بە باوەری زۆر کەس لە شارەزایان،حیزبی دێمۆکرات دەیتوانی بەرگری لە خۆی و لە کۆمارە ساواکەی بکات و نەهێڵێ وا بە هاسانی برووخێ، بەتایبەت کە بارزانییەکان، وەک هێزێکی تۆکمەو بە ئەزموون لە شەردا پشتگیری تەواوی کۆماریان دەکرد و ئامادە بوون گیانی بۆ بەخت بکەن.


دەستەڵات لە کۆماردا لە دەست حیزبی دێمۆکرات دابوو کە خۆی لە سەر بناغەی کۆمەڵەی»ژ-ک»دا دامەزرابوو، هەر بۆیەش دەکرێ بڵێین لەگەڵ ئەوەیکە شەش مانگ لەدوای دامەزرانی دا حیزب ، کۆماری کوردستانی راگەیاند، بەڵام خەڵک دەیانناسی و باوەریان پێی هەبوو و دەیانزانی دەستەڵات و چارەنووس و داهاتووی خۆیان دەدەن بەکێ و چ دەکەن، هەربۆیەش حیزبی دێمۆکرات لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵاو و حیزبێکی خەڵکی و رێبەرەکەشی، پێشەوا قازی خەڵک خۆشەویست بوو. خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لەژێر دەستەڵاتی کۆمار و ئاڵای کوردستان دا تامی سەربەستیان چێشت وهەناسە و هەوای ئازادییان هەڵمژی. پاش رووخانی کۆمار و شەهید کرانی پێشەوا و هاوێیانی هەتا ماوەی ٧٠ ساڵ تەمەنی خۆی دا وەک بەتەمەن ترین حیزبی هەر چوار پارچەی کوردستان،کۆمارە ساواکەی کوردستان و رێبەرە شەهید کراوەکەیەتی.

### قۆناغی دووهەم

ئەم قۆناغە دەگەرێتەوە بۆ ٣٢ساڵ دواتر، واتە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و رووخانی بنەماڵەی پەهلەوی و هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی. بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش، ئەندامان و رێکخستنەکانی حیزب وەخۆ کەوتنەوە وکۆمیتەی زاگرۆسیان بۆ چالاک کردنەوەی حیزب لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا پێکهێناو توانیان پاش جووڵانەوەی چەکداری ساڵەکانی ٤٦و ٤٧ بۆ جارێکی دیکە بگەرێنەوە ناو باوەشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر لە حەوتووی یەکەمی رووخانی رژێم دا، پادگان و بنکە و بارەگا سەربازییەکانی بەشێک لە شارو گوندەکانی کوردستان، بەتایبەت پادگانی شاری مەهاباد کەوتنە دەست حیزبی دێمۆکرات و بە حوسێنی نەکەین کە ماوەیەک وەک سەرۆکی دەستەی نوێنەرانی خەڵکی کورد بۆ وتوویژ لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەت و وەک کەسایەتییەکی ئایینی، رۆڵی تایبەتی هەبوو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە خۆ پێشاندانەکانی پێش شۆڕش و رووداوە سیاسییەکانی دوای هاتنە سەرکاری رێژیم، کەسایەتییەکی شوێن دانەر بوو.

سەرەڕای هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ لە شارەکانی سنە و نەغەدە و هێرشی بەربڵاوی رێژیم لە شەڕی سێ مانگەدا کە زۆرێک لە خەڵکی بێ تاوان سەرو ماڵیان تێداچوو و هەروەها پاش بەربەرەکانی بێ وێنەی پێشمەرگەکان و تێکشکانی هێرشەکانی، لە ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨دا، خومەینی بە ناچاری پەیامێکی بڵاو کردەوە کە تێی دا باس لە کۆتایی هێنان بە شەرو دەست پێکردنەوەی وتوو یژەکان کرابوو. گرینگ ترین رووداو لەو چەند مانگەی پێش سەرهەڵدانەوەی شەڕ کە پێوەندی بە باسەکەمان»حیزبی دێمۆکرات ودەسەڵات» ەوە هەیە، بریتی بوو لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی راکێشی و کاندیداکانی جێی باوەری ئەو حیزبە لە هەموو ناوەندەکانی دەنگ دان، جگە لە شاری مەریوان کە هیچ کام لە کاندیداکان لە دەوری یەکەم دا زۆرینەی دەنگەکانیان مسۆگەر نەکرد، سەرکەوتن وە دەست بێنن. هەرچەند هەر بەدوای هەڵبژاردن دا دیسان شەڕ، بە هێرشی بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردەوە و رێژیم هەڵبژاردنەکانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە؛ بەڵام ئەو هەڵبژاردنە بە هەموو لایەکی نیشان دا حیزبی دێمۆکرات چ پێگەو جێگەیەکی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داهەیە.

حێزبی دێمۆکرات سەرەڕای پەلاماری هێزەکانی رێژیم و گەمارۆی سەختی ئابووری سەرکوردستان، لە ماوەی دەسەڵاتی بەسەر شارو گوندەکانی کوردستان دا، توانی زۆر کاری گەورە و بەنرخ بە ئەنجام بگەیێنی. هێزی پێشمەرگەی بە کەڵک وەرگرتن لە ئەفسەرانی کوردی نێو ریزەکانی شۆڕش لە سەر شێوازێکی گونجاو



**گرینگی دان بە کاری فەرهەنگی و چاپەمەنی وراگەیاندن و رادیۆ و لەچاپ دانی گەلێک گۆڤارو رۆژنامە و تێکۆشانی ئەدەبی، خوێندنی منداڵان و دامەزراندنی رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان و لاوان وچەندەها تێکۆشانی دیکە، نیشان دەدا دەستەڵاتەکە، سەرەرای تەمەنی کورتی ئەو کۆمارە و گەلێک کێشە و کەموکورتی؛ وەک یەکەم دەستەڵاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سەرکەوتوو بووە**

چەندساڵێکیش شادی و پێکەنین ماڵاوایی لە خەڵک کردبوو و بەتایبەت خەڵکی مەهاباد هەر تازیەبار بوون. کەوابوو دەکرێ بڵێین حیزبی دێمۆکرات لە ماوەی تەمەنی کۆماردا، سەرەڕای گەلێک کەم و کووری کە لە ئیدارەی کۆماردا هەیبوو، دەستەڵاتێکی بە تەواوی خەڵکی و رەوا و «مەشرووع»ی لە دەست دابوو. خاڵی هەرە سەرەکی و لاوازی دەستەڵاتداری حیزبی دێمۆکرات و شەخسی پێشەوا ئەوە بوو بەهەر هۆیەک بێ نەیانتوانی پارێزگاری لەو دەستەڵاتە خەڵکییە بکەن و لە جیاتی شەر لەگەڵ سوپای داگیرکەری تاران و تۆمار کردنی داستانی بەرخۆدان و بەرگری، کە بەراستی لە توانایان دابوو؛ کۆمارەکەیان بە قیمەتی گیانی خۆیان، بەرەو فەتان برد.

بەو حاڵەش گەورەترین شانازی حیزبی دێمۆکرات لە کردەوە ئەو حیزبە وەک سەردەمی کۆماری کوردستان، دەستەڵاتی بەشی هەرە زۆری کوردستانی بەدەستەوە گرت. شک لەوە دا نییە هۆی سەرەکی پێشوازی خەڵک لە حیزبی دێمۆکرات و بە ئەندام بوونی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان و تێکۆشان لە ناو ریزەکانی حیزب دا، بۆ رابردووی حیزبی دێمۆکرات و خۆشەویستی و جێگەو پێگەی دیاری کۆماری کوردستان لە ناو دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا دەگەرێتەوە. دیارە ئەو جارەیان بە تەنیا حیزبی دێمۆکرات ، حیزبی گۆرەپانی سیاسیی کوردستان نەبوو و چەند کەس و حیزب و رێکخراوی دیکەش هاتبوونە نێو مەیدانی سیاسەت و بارتەقای سەنگ و قورسایی خۆیان لە رووداوە سیاسییەکان دا رۆلیان هەبوو. لەو بەینە دا ناکرێ باسی مەرحووم مامۆستا شێخ عیزەدینی شورای ملی کە دواتر بوو بە مەجلیسی شوورای ئیسلامی. حیزبی دێمۆکرات و هەموو حیزب و رێکخراوەکانی دیکە بە هۆی هەڵوەشاوە راگەیاندنیان لە لایەن رێژیمی خومەینییەوە، نەیاندەتوانی راستەوخۆ و بە ناوی خۆیان لە هەڵبژاردن دا بەشدار بن. هەر بۆیەش کاندیداکانی خۆیان بۆ هەڵبژاردن دیاری کرد و داوایان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد کە دەنگیان پێ بدەن.

رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٥٨خەڵکی کوردستان لە هەموو شارو گوندەکانەوە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگ دان کە چاودێرانی هەموو حیزب و لایەنەکان و تەنانەت کەسانی سەر بە دەوڵەتیش چاودێرییان دەکرد. لە پاش هەڵبژاردن دەرکەوت کە حیزبی دێمۆکرات بەتەنیا و بەبێ هاوبەندی لەگەڵ هیچ لایەنێکی دیکە توانیوێتی دەنگی زۆربەی رێکخستەوە، کۆمیسیۆنی کارو باری کۆمەڵایەتی بۆ پێراگەیشتن بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دابین کردنی پێداویستیی نەخۆشخانەکان و دانانی هێندێک رێوشوێنی یاسایی بۆ بەرێوەبەری شار و گوندەکان دامەزراند و دەستی بە دابەشکردنی عادیلانەی زەوی و زار بەسەر»رەشایی» و قەرە و جووت بەندە و جوتیارە هەژارەکان کرد کە تەنانەت رێژیمیش پاش داگیر کردنەوەی ناوچەکان ئەو دابەش کردنانەی «تاپۆ»و قانوونی کرد. بڵاو کردنەوەی رادیو و گۆڤارو چاپەمەنی و دامەزراندنەوەی دووبارەی یەکیەتیی لاوان و رێکخراوی ژنان و برینەوەی مووچە بۆ بنەماڵەی شەهیدان و بەگشتی تەواوی ئەو کارانەی کە دەبێ دەوڵەت و دەستەڵاتێک بیکا، حیزبی دێمۆکرات بە پێی توانای ئەو کاتی خۆی ئەنجامی دان.

حیزبی دێمۆکرات لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە بە کردوە دەستەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە بوو هەتا کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٤ کە رێژیم هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی داگیر کردنەوە. راستە ئەو حیزبە بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی، شارەکانی چۆڵ کرد و بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێرشی سەکوتکەرانەی هێزەکانی رێژیم رووی لە شاخەکان کرد، بەڵام بەوحاڵەش لە شارەکانیش دەستی دەرۆیشت و لە گوندەکانیش هێزی دەستەڵاتی باڵا دەست بوو.

ئێستا پاش ئەو ئاوڕدانەوە خێرایە لە رووداوەکانی ئەو کات و رۆڵی سەرەکیی حیزب لەو سەردەم دا، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، بۆ حیزبی دێمۆکرات لەو هەلە مێژوویە کە بۆی هەڵکەوتبوو کەڵکی وەرنەگرت و دەوڵەتی خودموختاری کوردستانی رانەگەیاند؟ ئایا حیزب بە»مەشرووعیەت» وەرگرتن لە هەڵبژاردنی ٢٤ی رەشەمە و پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان، نەیدەتوانی دەستەڵاتە «حەقیقییەکەی»بە «حقووقی»بکات و بیکاتە «ئەمری واقع» ؟ خۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕی سەرانسەری لە دژی گەلەکەمان راگەیاندبوو و هیچ دەلاقەیەکی ئومێد بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی نەتەوەکەمان نەمابوو، تەنانەت ئەگەر حیزبی دێمۆکرات دەوڵەتی کوردییشی راگەیاندبا، لەوەی کە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم بەسەر گەلەکەمانی هێنا، خراپتری بەسەر نەدەهێنان؛ ئەدی بۆ حیزبی دێمۆکرات، وەک حیزبی یەکەم و دەستەڵات داری کوردستان، لەو دەرفەتە مێژوویە کەڵکی وەرنەگرت و دەوڵەتێکی ناوچەیی لە ژێر هەر ناوێک، لە چوارچێوەی ئێران دا وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سالی ١٣٢٤رانەگەیاند و مێژووی خۆی و گەلی کوردی پێ نەنەخشاند؟

شک لەوە دانییە حیزبی دێمۆکرات لەو ساڵانەدا و بەتایبەت لە پێش هەڵبژاردنی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٥٨ نە کادر و کەسی لێزانی بە پێی پێویست بۆ ئیدارەکردنی تەنانەت کارو بارەکانی نێوخۆی حیزب هەبوو، نە رەنگە ئەو مەشرووعییەتەشی هەبووبێ بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی یاسایی بە ناوی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان. بەڵام دەکرا بە کەڵک وەرگرتن لە هێز و لێزانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تەنانەت ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی ئێران کە روویان لە کوردستان، وەک تەنیا مەکۆی ئازادی لە ئێران دا کردبوو، ئەو بۆشاییە و کەم و کوورییە پڕ بکرێتەوە. دیارە ئەگەری ئەوەش هەبوو پاش راگەیاندنی چەشنە دەستەڵاتێکی یاسایی لە کوردستان دا، بە هاتن و هاوکاری کردنی ئازادیخوازان و کادر وکەسانی پسپۆر ولێزان، بەتایبەت لە بواری نیزامییەوە، حیزبی دێمۆکرات توانیبای باشتر لە خۆی و لە کوردستان بەرگری بکات و یان رێژیم بە چۆک دابێنی، یان ناچاری بکات بە شێوەی کاتیش بێت واز لەو هێرشە دڕندانەیە بێنێت و بەم جۆرە دەرفەتێک برەخسێ بۆ پشوودان و خۆ رێکخستنەوەی حیزب و دەستەڵاتەکەی.

لە کۆتایی دا بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی تەمەنی حیزبی پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان، پیرۆزبایی لە سەرجەم رێبوارانی رێگای حیزبی دێمۆکرات دەکەم و هیوادارم بە کارو تێکۆشانی ماندوو نەناسانە، وەدیهێنەری ئاوات و ئامانجی حیزب و شەهیدەکانمان بین.

# سەفەری روحانی بۆ پارێزگای سنە و هەڵوێستەیەک

**عومەر باڵەکی**

سەفەری روحانی بۆ پارێزگای سنە وهەڵوێستەیە

ڕۆژی یەکشەممە ٤ی گەلاوێژ حەسەن ڕووحانی سەرکۆماری ئێران لەگەڵ هەیئەتێکی پایەبەرزی دەوڵەتەکەی بە مەبەستی سەردانێکی یەک ڕۆژە گەیشتە شاری سنە ناوەندی پارێزگا. ئەو سەفەرەی ڕووحانی درێژەی سەفەرەکانی بوو بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێران‌و لە هەڵسەنگاندنی یەکەم‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو جۆرە سەردانانە بە پێچەوانەی پروپاگەندەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی تەنیاوتەنیا لایەنی ڕواڵەتیان هەیەو ناچنە خانەی سەفەری کاری و پلان بۆ دارێژراو بە مەبەستی پاڵپشتی لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەو پارێزگا و شارانەی کە سەرۆک کۆمار سەفەری بۆ دەکا. بە تایبەتی ئەگەر سەفەرەکان، بۆ پارێزگای سنە و پارێزگاکانی دیکەی کوردستان «ورمێ، کرمانشا، ئیلام» بێ. چونکە پێش ئەوەی سەرکۆمار بە چاو گەشە کردن و دابینکردنی خۆشبژێوی دانیشتوان بڕوانێتە ئەو پارێزگایانە بە چاوی ئەمنی چاویان لێ دەکا و هەتا ئەو ڕوانگەیەی دەسەڵاتداران لەسەر ئەو چوار پارێزگایەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لا نەچێ، هیچکام لەو سەفەرانە لانیکەم ناتوانن دەستەبەری ئاوەدانی‌و خۆشبژێوی خەڵکی کوردستان بن.

ڕوحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان‌دا بە وادە و بەڵێنی زۆرەوە هاتە مەیدانی کێبەرکێی هەڵبژاردن و، بەتایبەتی زۆری هەوڵ دا کە دەنگی کەمینە نەتەوەکان و مەزهەبی و ئاینییەکان وەدەست بێنێ، بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر دەسەڵاتداریەتێکەی و پاڵدانەوە بە کورسی سەرکۆماری ئێران، هەتا ئێستاش شتێکی هەست پێکراوی بۆ لابردنی زوڵم و زۆری لەسەر کەمە نەتەوە و مەزهەبی و ئاینییەکان نەکردووە و ئەوەی بووە هەر لە چوارچێوەی دروشم و تێپەڕکردنی کات دابووە. سەبارەت بە سەفەرەکەی ڕوحانی بۆ پارێزگای سنە دەتوانین لەلایەنی جۆراوجۆردا چەندین خوێندنەوەی بۆ بکەین. هەر وەکی لەپێشدا گوترا دەکرێ وەک سەفەرێکی ڕواڵەتی بۆ پڕکردنەوەی دەستوری کاری سەرکۆمار چاوی لێ بکرێ چونکە دوای ٢٠ سەفەری ئوستانی سەفەرێکی ١ ڕۆژەی بۆ پارێزگای سنە ڕێک خستووە. لە حاڵێکدا لە قسەکانی خۆی‌دا ئیشارە بە گرینگی ئەو پارێزگایە دەکا و قسە و لێدوانی دەسەڵاتدارانی پێش خۆی سەبارەت بە کوردستان و خەڵکی کورد کاوێژ دەکاتەوە و لەو وشە و ڕەستەیەی وەک «دلاوران بزرگ» و «این سرزمین آباد و سرسبز و بیشەی شیران کردی» کەڵک وەردەگرێ و پێی وایە دەتوانێ بەو شێوەی ئاخاوتنە کڵاو لەسەر خەڵکی کوردستان بنێ.

ئەو سەفەرە دەکرێ هەڵگرێ ئەو پەیامە کە ڕێکەوتننامەی وەزەی ئەتۆمی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئیمزا کراوە و کۆماری ئیسلامی لە جاران بە هێزترە و خەڵکی کوردستان نابێ چاوەڕوانی ئاڵوگۆری سیستمی کۆماری ئیسلامی بن، ئەگەر ئەوە وەک پەیامێک وەربگرین و سەرنج بدەینە قسەکانی روحانی ناوبراو لە قسەکانی دا سنوورەکانی ئێران دەبرێ و باس لە پاراستنی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا دەکا و دەڵێ چۆن پارێزگاری لە سنە دەکەین ئاواش پاراستنی هەولێر و سولیمانیە و دەهوک دەکرێن! مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە باشووری کوردستانیش بە جۆریک لە جۆرەکان بە حەوزەی دەسەڵاتداریەتی خۆیان دەزانن و جەنابی سەرکۆمار لەو کاتەدا لە ئاست دوو شت، خۆی گێل دەکا و بە لایان‌دا ناروا، یەکەم پرسی کورد و مافەکانی لە ئێران‌دا هیچ پێوەندی بە پرسی ئەتومی ئێران و دنیای دەرەوە نەبووە، چونکە پێش دروست بوونی قەیرانی ئەتۆمی ئێران کە خۆی سەبەبکاری بووە، پرسی کورد و جووڵانەوەی ماخوازانەی کورد لە روژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بووە و دوای ڕاخستنی پەروەندەی ئەتۆمی ئێرانیش، پرسی کورد و مافەکانی و خەبات بۆ وەدەست خستنەوەی مافانە هەر بەردەوام دەبێ. دووهەم ئازایەتی و بوێری پێشمەرگە لە باشووری کوردستان توانیویەتی خەتی بەرگریەکی ١٠٥٠ کیلومیتری لە بەرامبەر هێرشی داعش‌دا بپارێزێ و هەموومان شاهیدی ئەوەین کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٠٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون و نزیک بە ٧٠٠٠ پێشمەرگەش بریندارن، ئەوەی سەلمینەری ئەو ڕاستییەن کە هەرێمی کوردستان بە خوێنی ڕۆڵەکانی خوی هەولێر و سولیمانیە و کەرکووک و دەهۆکی پاراستووە نەک کۆماری ئیسلامی بە کردەوە سەلماندوویەتی هەموو کارێک دەکا بۆ تێکدانی ڕەوشی ئارامی هەرێمی کورستان و ناسەقامگیر بوونی سیاسی ناوچەکە.

بێجگە لەوانە روحانی لە قسەکانی خۆی‌دا ڕاوی کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی کوردستانی دا کە ئەو گوفتارەش جێگەی تێڕامانە و دەبێ مەبەستی خۆی لە پشت بێ، ئەویش ئەوەیە کە ئاغای روحانی مەبەستدار دەیهەوێ بڵێ ئەوە تا زمانی کوردی لە پارێزگای کوردستان لە زانکۆی کوردستان ئێزنی خوێندنی پێ دراوە و بەو شێوەیە جوغرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان لە پارێزگای کوردستاندا بەرتەسک بکاتەوە. ئەگەر وا نیە بۆ تەنیا لە پارێزگای سنە و زانکۆی کوردستاندا ئەو ئێزن نەدا و لەو سەفەرەی بۆ «کرماشان و ئیلام و ورمێ» باس لە خوێندنی زمانی کوردی ناکا، خۆ ئەو شارانەش زانکۆیان لێیە و دەتوانن بەشێک بکەنەوە بۆ خوێندنی زمانی کوردی. وا دیارە ئاغای روحانی هەمان ستراتیژی حکوومەتی پاشایەتی درحەق بە خەڵکی کوردستان رەچاو دەکا و تەنیا پارێزگای سنە بە کوردستان دەزانێ و ئەوە تەنیا بە مەبەستی چووککردنەوەی جوغرافیایی کوردستانە لە هەڵەیەکی گەورەیە دەسەڵاتدارانی تاران درحەق بە کوردستان و خەڵکی کورد بەرێوەی دەبن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتداران لە بیر و زەینی هیچ تاکێکی کورددا تەنیا بەو جوغرافیایە ناگوترێ کە پارێزگای سنەی پێ دەناسێتەوە بەڵکو لە ڕوانگەی تاک تاکی کورد، ما خاکی کوردستان هەر چوار پارێزگای «ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام» دەگەڕێتەوە و ئەوەی بێجگە لە هێندێک شوێن کەلەوتۆتە سەر پارێزگای هەمەدان.

سەبارەت بە کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی کوردستان «سنە» بێجگە لەوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد خۆی هەڵگرێ پەیامێکی دیکەشە کە یا سەرکۆمار نایهەوێ لە رادەی سەلاحیەت و توانایی خۆی لە قانوونی بنەرەتی ئێراندا کەڵک وەربگرێ و یا لە ڕاستیدا سەرکۆمار پۆستێکی ڕەواڵەتی‌یەو هیچ پێگەو دەسەڵاتێکی نیە. بە پێی قانوونی بنەرەتی ئێران ئەسڵی ١١٣ سەرکۆمار لە دوای ڕێبەر کەسی دووهەمی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان حاڵ‌دا مەسئوولی بەڕێوەبەری قانوونی بنەڕەتی ئێرانە. ئێستا ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە بۆ لەو سەفەرەی کە بۆ لەو سەفەرەی کە بۆ پارێزگای سنیی کرد تەنیا باس لە کردنەوەی بەشێک لە زانکوی کوردستان دەکا بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە حاڵێکدا ئەسڵی ١٥ قانوونی بنەڕەتی باس لە ئازادبوونی خوێندنی زمانی کەمە نەتەوەکان دەکا، هەرچەند ئەو ئەسڵە لە بنەڕەت دا گرفتی داڕشتنی هەیە، بەڵام ئەوەی وەک ئەسڵێک لە قانوونیی بنەڕەتی‌دا هاتووە هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە. هەر بۆیە روحانی یا باوەری بەە ئەسلەی قانوونی بنەڕەتی نییە یا دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی نییە، دەنا بە جێگای مزگێنی کردنەوەی بەشێک بۆ زمانی کوردی لە زانکۆی کوردستان کە ئەوێش روون نییە چۆن جێبەجێ دەکرێ، دەبوایە بە پێی قەول و بەڵێنییەکانی خۆی لانیکەم ئەو ئەسڵەی قانوونی ئەساسی خستبایە بواری جێبەجێ کردن و بڕیاری‌دا با کە خوێندنی زمانی زگماکی، لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەکەن خوێندرابایە و بۆ دابین کردنی پێداویستەکانی خوێندن بۆدجەی پێویستی دیاری کردبێ، ئەوە کەمترین کارەکە روحانی دەیتوانی بیکا چونکە هیچ هەزینەیەکی قانوونی بنەڕەتی ئێرانیان دوای ٣٦ ساڵ جێ بەجێ دەکرد، بەڵام هەروەکی گوترا تەنیا مەبەستی روحانی وەدەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، وا پیشان بدەن کە پیزیشک بە ناوی پرسی کورد و مافەکانی لە ئێران دا لە ئاڕادا نییە، ئەوەتا کوردستان پارێزگایەکی سەر بەخۆیە و تەنانەت لە زانکوی ئەو پارێزگایەش دەتوانرێ زمانی کوردی بخوێندرێ.

لە کۆتایی‌دا پێوێستە ئەوە وەبیر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە ئەو سیاسەتە زۆر لەمێژە تاقی کراوەتەوە شکەستی هێناوە پرسی کورد لە ڕیژهەڵاتی کوردستان پرسی دانیشتوانی چوار پارێزگای «ورمێ، سنە، کرماشان، ئیلام» وە بگرە هێندێکیش زیاترە و، تەنیا لە پارێزگایەکدا خولاسە نابێتەوە و حەتا کۆماری ئیسلامی پرسی کوردە پرسێکی سیاسی نەبینێ ڕێگەچارەی سیاسی نەگرێتە پێش و لە تێڕوانینی ئەمنیەتی بۆ ئەو پرسە نەیەتە دەرێ ناتوانێ بەو سەفەر و سەردان و قسە و بەڵێنانیە چارەسەری پرسی کورد بکا



**ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە بۆ لەو سەفەرەی کە بۆ لەو سەفەرەی کە بۆ پارێزگای سنیی کرد تەنیا باس لە کردنەوەی بەشێک لە زانکوی کوردستان دەکا بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە حاڵێکدا ئەسڵی ١٥ قانوونی بنەڕەتی باس لە ئازادبوونی خوێندنی زمانی کەمە نەتەوەکان دەکا، هەرچەند ئەو ئەسڵە لە بنەڕەت دا گرفتی داڕشتنی هەیە**

## ڕۆژەڤی ئێران

# چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە قۆناغی دوای ڕێککەوتن دا



**حەسەن شێخانی**

دوای ڕێککەوتنی ناوکی باسێک کە بە تایبەت لە لایەن ریفۆرمخوازان و گۆڕانخوازانی ئێرانەوە دێتەئارا و دنەی پێدەدرێ ئەوەیە کە دەوڵەت دوای چارەسەری پرسی ناوکی، دەبێ کار بۆ کەم کردنەوەی گیروگرفتە ئابوورییەکانی خەڵک بکا و ئاوڕێکی جیددی لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی بداتەوە. مەیدانێک کە لە لایەن بەشێکی بەهێزی ئوسوولگەراکانەوە رووی خۆشی پێ نیشان نادرێ و وەک پرسێکی لاوەکی سەیری دەکەن.

روحانی بە دروشمی باش کردنی رەوشی ئابووری لە ژێر سێبەری ئاسایی کردنەوەی پێوەندییە دەرەکییەکانی ئێران هاتە سەر کار. ئاوڕدانەوە لە لایەنە سیاسییەکانی داخوازییەکانی خەڵک لە ئەولەوییەتەکانی دواتری روحانی دا جێی دەگرت. بۆیە لەمەوبەدوا خەڵک چاوەڕێی باش بوونی دۆخی ئابووری و کرانەوە لە فەزای نێوخۆیی دان. ئەمەش داخوازێکی گشتیی خەڵکە و بە راشکاوی دەڵێن کە پشتگوێ خرانی ئەو بوارانە لەمەوبەدوا پاساوهەڵنەگرە.

ڕێککەوتنی ناوکی بە بێ کۆدەنگیی پێکهاتوو لە نێو سیستم دا مومکین نەبوو. پێدەچێ لە بواری ئابووریش دا بەرژەوەندیی کۆی سیستم بخوازێ کە فشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵک کەم بێتەوە. چونکە ئەگەری تەقینەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لە ئەنجامی ئەو فشارانە دا، هۆشدارێکە بۆ مانەوەی ڕێژیم.

یەکێک لە فووت و فەننەکانی بەشێک لە ئوسوولگەراکان بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەتی روحانی ئەوەیە کە هەوڵیان داوە بۆ قۆناغی دوای ڕێککەوتن، چاوەڕوانییەکی زۆر لە خەڵک دا بۆ چارەسەریی گیروگرفتە ئابوورییەکانیان پێک بێنن. بە ئاگادار بوون لەوەی کە دەرەنجامە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی درەنگ دەردەکەون و لەبەر ئەوەی کە بەشێکی گەورەی کێشە ئابوورییەکانی ئێران پێکهاتەیین و لە خراپیی سیستمی بەڕێوەبەریی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن، هەوڵ دەدەن فۆرمۆلی «دروست کردنی چاوەڕوانی درۆیین و بێ هیوا کردنی خەڵک» پێڕەو بکەن.

هەموو هەوڵی ئوسوولگەراکان پێداگرتنەوە لە سەر ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە تەنیا ناوکییە و نیگەرانن لەوەی کە ئەو ڕێککەوتنە ببێتە هۆی کەمڕەنگ بوونەوەی دژایەتیخوازیی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و لە لایەکی دیکەش ببێتە هۆی بەهێزتر بوونی ڕەوتی میانەڕۆ و پڕژانە سەر پرسەکانی تایبەت بە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی لە لایەن دەوڵەتەوە. ڕاستی توندئاژۆ بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی هێزی، کار بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان دەکەن و وا دێتە بەرچاو کە سیستمیش تا هەنووکە پێویستییەک بۆ پێداچوونەوەیەکی جیددی لە ئاکاری سیاسەتی نێوخۆیی دا نابینێ. لە لایەکی دیکە فشارێکی ڕێکخراو لە لایەن خەڵکەوە بۆ سەر ڕێژیم بوونی نییە کە ناچار بە پێداچوونەوە و پاشەکشەی بکا لەو بوارەدا. ئەگەر روحانی بیهەوێ کە دوای چارەسەریی پرسی ناوکی، ئاوڕ لە داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک بداتەوە، ڕێگەیەکی سەختی لە بەردەم دایە. ئەمە لە حاڵێک دایە کە زۆر شرۆڤەکار جیددیەتی روحانی لەو بوارەدا دەبەنە ژێر پرسیار و دەڵێن ناوبراو بەرنامەیەکی کۆنکرێتی بۆ مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی نییە و دروشمەکانی لە کۆمەڵێک سیناریۆی نەخەمڵێندراوی زەینی واوەتر ناچێ.

خامنەیی و باڵی ئوسوولگەرا دوای ڕێککەوتنی ڤییەن ئەو وریاکردنەوەیان دا کە نەکا ئەو ڕێککەوتنە ببێتە هۆی دروست بوونی دووجەمسەریی لە کۆمەڵگە دا. بەو واتایە کە بەشێک بە سەرکەوتنێکی بێوێنەی لە قەڵەم بدەن و بەشێکی دیکە بە «تورکەمەنچای» بشووبهێنن. نیگەرانی ئوسوولگەراکان ئەوەیە کە بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخواز ئەو ڕێککەوتنە بە سەرکەوتنی روانین و میتۆدی کاریی خۆیان بزانن و بە ناوی خۆیان تۆماری بکەن و لە نێو بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەش دا هەروا وەربگیرێ. ترسیان لەوەیە کە ئەمەش کاریگەریی ئەرینی لە سەر پێگەی جڤاکیی بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخواز دانێ و دەرەنجامەکانیشی لە دوو هەڵبژاردنی هاوکاتی مەجلیس و مەجلیسی بژاردەکانی ڕێبەریی، کە لە ڕەشەمەی ئەمساڵ دا بەڕێوە دەچن، خۆی دەرخا. بەم هۆیە کە باڵی ئوسوولگەرا بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە کە پەروەندەی ناوکی، پەروەندەیەکی نەتەوەییە و نابێ لە لایەن هیچ ڕەوتێکەوە بۆ ئیمتیازگیریی سیاسی کەڵکی لێ وەرگیرێ.

ڕێککەوتنی ناوکی دەتوانی دەرفەتێک بێ بۆ کەم بوونەوەی کێشە ئابوورییەکانی ئێران، بە مەرجێک کە لەگەڵ پێداچوونەوەیەکی پێکهاتەیی و بەڕێوەبەریی دا ئاوێتە بکرێ. باش بوونی ڕەوشی ئابووری کۆمەڵێک ئاسەواریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە کە ڕەوتی دێموکراسیخواز دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ.

ڕەوتی میانەڕۆ هیوادارتر لە پێشوو چاوی بڕیوەتە پێشەڕۆژ. خەڵکیش چاوەڕوانی ئەوەیە کە دەوڵەت کار بۆ بەکردەیی کردنی دروشمەکانی لە بواری سیاسەتی نێوخۆیی دا بکا. پێوانەیەکی گرینگ بۆ نرخاندنی کردەوەی دەوڵەت لەو مەیدانە دا ئەوەیە کە چەندە هەوڵ دەدا کە بەڕێوەبەرێکی باشی هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەمە بێ و چەندە هیوا و چاوەڕوانی خەڵک دەکاتە فاکتەرێکی پشتیوانی بۆ لێبڕاویی خۆی لەو بڕگە هەستیارەدا.

هەروەک ئاماژە کرا بە تایبەت ڕەوتی توندئاژۆی ئوسوولگەرا هەوڵ دەدا مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی هەروا بە بەستراوەیی بهێڵێتەوە. لە لایەکی دیکە دەوڵەتیش گرینگیی پێویستی بەو مەیدانە نەداوە. ئێستا کە سیستم لە ژێر فشاری گەمارۆکان ناچار بە پێداچوونەوەیەکی ناوکی بوو، خەڵکی ئێران بە هیوایەکی زیاتر لە جاران دەتوانن لە ڕێگەی خۆڕێکخستن و زەختی ڕێکخراوەوە دەوڵەت و سیستم ناچار بە تەعامول لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی دا بکەن. هیوا و چاوەڕوانی پاسیڤ هیچ گرێیەک لە گیروگرفتەکانی خەڵک ناکاتەوە؛ بەڵکوو پێویستە ئەو هیوا و چاوەڕوانییە ڕەهەندێکی ماددی و کرداری بە خۆیەوە بگرێ کە بتوانێ لەو هەلومەرج و دەرفەت و بەستێنە جۆراوجۆرە سیاسیانەی کە ڕێککەوتنی ناوکی بە دوای خۆیدا دێنێ، کەڵک وەربگرێ.

کوردستان
ڕۆژنامەی ● ژمارە: ٦٦١

# ئامانجی ستراتیژیک و ستراتیژیی خەبات

حەسەن شێخانی

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوێکی مۆدێرن ئەوەیە کە ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراوی هەبێ. واتە بزانێ چی دەوێ و لە پێناو چیدا خەبات دەکا.

بەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕاپەڕینەکانی کورد، کە لە لایەن مەلا و شێخ و ئاغاکانەوە بەڕێوە دەبران، خاوەن پێکهاتەیەکی ڕێکخراو و ئامانجێکی دیاریکراو و پێناسەکراو نەبوون. ئەو قۆناغە بە قۆناغی بەر لە مۆدێرنی بزاڤی کورد دەناسرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرچەرخانێکی گرینگ بوو لە بزووتنەوەی کورد دا و، فۆرم و نێوەرۆکێکی مۆدێرنی بەو بزووتنەوەیە بەخشی.

حیزبی دێموکرات دوای دامەزرانی، خودموختاری دەکاتە ئامانجی ستراتیژیکی خۆی. ئەو ئامانجە لە چوارچێوەی کۆماری کوردستان دا دەچەسپێ. چۆنیەتیی باس کردنی ئەو کۆمارە و پێناسە کردنی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئەو کات دا، ئەو پرسیارەی لای هەندێک لێکۆڵەر دروست کردووە کە ئایا ئامانجی حیزب لەو سەردەمەدا زیاتر لە خودموختاری نەبووە؟ ئیستدلالێکی پرسیارئامێزی ئەو لێکۆڵەرانە ئەوەیە کە ئایا پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێک دا کە خاوەنی سیستمێکی پاشایەتییە، کردەییە؟ مەبەستی ئەم وتارە تاووتوێ کردنی ئەو گریمانەیە نییە، تەنیا دەمانەوێ بڵێین کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، هەرچەند ئامانجی حیزب خودموختاری بووە و کۆمارەکەش، لە ڕاستیدا کۆمارێکی خودموختار بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو ئامانجە بە شێوەیەکی وردی حقووقی-سیاسی پێناسە نەکراوە، ئەو گریمانەی سەرەوە دێتە ئارا و خوێندنەوەی جیاوازیش خۆدەنوێنن.

لە سەرەتای دەیەی ٥٠ی هەتاوی دا، پێکهاتەی حیزب لە لایەن د.قاسملووە دادەڕێژرێتەوە و ئامانجی حیزبیش بە شێوەیەکی وردی حقووقی پێناسە دەکرێ کە دەرەتانی هیچ چەشنە شیکردنەوە و خوێندنەوەیەکی جیاواز لە ئامانجی ستراتیژیکی حیزب ناهێڵێتەوە.

دوای گۆڕانی دروشمی ستراتیژیک لە خودموختارییەوە بۆ فیدرالیزم، دروشمی دواییش بە شێوەیەک لە بەرنامەی حیزب دا هاتووە و پێناسە دەکرێ کە هیچ نارۆوونییەک هەڵناگرێ. ئەمە خاڵێکی ئەرێنی و تایبەتمەندییەکی مۆدێرنی حیزبی دێموکراتە کە دەزانێ چی دەوێ و تابلۆی داخوازییەکانیشی بۆ بەرامبەرەکەی ڕوون و دیاریکراوە(بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو ئامانجە چەندە کردەییە و بەستێنی پراکتیزەبوونی لە ئێراندا چەندە لەبارە).

پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئارا ئەوەیە کە ئایا حیزبی دێموکرات پێ بە پێی هەبوونی ئامانجێکی ستراتیژیکی ڕوون، خاوەنی بەرنامەیەکی بیرلێکراوەی خەباتگێڕیی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بووە؟ ئایا حیزبی دێموکرات ستراتیژیکی ڕوونی لە پرۆسەی خەباتی دا هەبووە؟ یان زیاتر هەلومەرجەکان ڕێکارێکی دیاریکراویان بە سەردا سەپاندووە و حیزبی دێموکرات زیاتر بە سەردا کەوتووە؟ ئایا دۆخی هەنووکەیی حیزب تا ڕادەیەک بەرهەمی ئەو بە سەردا سەپان و بە سەرداکەوتنە نییە؟ ئەگەر حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی خەباتگێڕانەی دا و لە ڕەچاو کردنی تاکتیکەکانی گەیشتن بە ئامانجی دا، دووربینی و داهاتووبینییەکی پلانمەندتری هەبا، دۆخی لە هی ئێستای، جیاواز نەدەبوو؟

هەرچەند شۆڕشگێڕیی خۆی لە خۆیدا ئیرادەگەراییە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە فاکتەری ئیرادە، تەنیا فاکتەری یەکلاکەرەوە و دیاریکەرە. پێکهاتەی ئیرادە و هەلومەرج سەنتێزێک بە ناوی پلان و سیناریۆی جۆراوجۆر دێنێتە ئارا کە حیزبێکی شۆڕشگێڕ بە گوێرەی پێشهاتەکان، یەکێک لەو پلان و سیناریۆیانە دەخاتە بواری کردارییەوە.

بێگومان لە سیاسەت دا و لە پرۆسەی خەباتێکی سەخت دا، زۆر شتی پێش بینی نەکراو دێنەئارا. مەبەست ئەوە نییە کە ڕووداو و پێشهاتەکان خۆیان بە باڵای پلان و سیناریۆ بیرلێکراوەکانی ئێمە دەگرن؛ بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە دانەمێنین و بۆ هەر هەلومەرجێک ڕێکاری گونجاو و کاریگەر بدۆزرێتەوە. بێجگە لەوەش لە ڕەوتی خەبات دا هەندێک جار هەلی چاوەڕواننەکراو دێنە پێش، کە ئەرکی حیزبی خەباتگێڕە کە بیانقۆزێتەوە و بە گوێرەی توانا کەڵکیان لێ وەرگرێ. پرسیار ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات چەندە توانیویەتی بەو شێوەیە بێ؟

بۆ تێگەیاندنی زیاتری بابەتەکە نموونەیەک دێنمەوە. دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، شەڕێکی چەکداری بە سەر حیزب دا سەپا. حیزبی دێموکرات بەرگرییەکی قارەمانانەی کرد و زۆر جار تەنگی بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنی و سەرئێشەی جیددی بۆ دروست کرد. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو بەرگرییە چەکدارییە لە چوارچێوەی کۆنتێکستێکی بیرلێکراوە دا، کە بە شێوەیەکی گشتی دوورەدیمەنی ئەو میتۆدە گەنگەشە کرابێ، بەڕێوەچوو؟ ئایا لە ڕەوتی ئەو بەرگرییەدا بیر لەوە کرایەوە کە ئەگەر لە کورت ماوەدا، ئەو ڕێکارە ئەنجامی

**هەرچەند شۆڕشگێڕیی خۆی لە خۆیدا ئیرادەگەراییە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە فاکتەری ئیرادە، تەنیا فاکتەری یەکلاکەرەوە و دیاریکەرە. پێکهاتەی ئیرادە و هەلومەرج سەنتێزێک بە ناوی پلان و سیناریۆی جۆراوجۆر دێنێتە ئارا کە حیزبێکی شۆڕشگێڕ بە گوێرەی پێشهاتەکان، یەکێک لەو پلان و سیناریۆیانە دەخاتە بواری کردارییەوە.**

لێ نەکەوتەوە و بۆ ماوەیەکی بەردرێژ کۆماری ئیسلامی لە ژێر زەختی چەکداری دا نەهاتە سەر مێزی وتووێژ و، دانی بە مافەکانی کورد دا نەنا، حیزبی دێموکرات چۆن ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕ و دۆخە نەخوازراوەکان دەبێتەوە؟ ئایا ئەو ڕێکارە لە چوارچێوەی کۆنتێکستێکی فرەڕەهەند دا بەڕێوەچوو کە ئەگەر ڕێکاری چەکداری مەجالی لێ تەسک کرایەوە، ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات چالاک بکرێن؟ ئایا ئەو میتۆدە بە هەڵسەنگاندنی وردی هەلومەرج و توانا و ئیمکاناتی خۆیی و دوژمن ڕەچاو کرا؟ ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش لەوانەیە دژواز لەگەڵ ئەو پێناسەیە بێ، کە بۆ ئەو بەرگرییە چەکدارانەیە دەکرێ. چونکە ئەگەر میتۆدێکی خەبات بە سەرت دا سەپا و لە ڕاستیدا بە سەردا کەوتی و لە هەڵبژاردنی دا دەخیل نەبووی(وەک پێناسە دەکرێ)، بە تایبەت لە سەرەتاکانی دا ناچێتە چوارچێوەیەکی بیرلێکراوە و پێشوەخت ئامادەکاری بۆکراو. بەڵام دەکرا لە ڕەوتی درێژەکێشانی دا دوورەدیمەنی بۆ وێنا بکرێ و بیر لە دەرەنجام و پلانی جێگرەوەش بکرێتەوە.

فەلسەفە و ئەرکێکی حیزبی دێموکرات خۆئامادەکردنە بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانەی لەوانەیە لە داهاتوودا بێنە پێشەوە. ئەمەش تەنیا بە کارکردن لە سەر بەرنامەیەکی چڕوپڕی خەباتگێڕیی و لە ژێر تیشکی ستراتیژیکی ڕوونی خەبات دا دەکرێ. لە نەبوونی وەها ستراتیژێک دا، هەوڵەکان لە پێناو مانەوەی قەوارەیی دا قەتیس دەبن.



پێویستیی هەنووکەیی حیزبی دێموکراتی کورستان ئەوەیە کە بە قبووڵی ڕیسک و بە ئازایەتیی شۆڕشگێڕییەوە، بیر لە ئاسۆی خەباتی بکاتەوە و بە بێ سڵەمینەوە لە شانتاژی ئەم لایەن و ئەو لایەن، ڕێکارگەلی تازە گەنگەشە بکا و تاقیان بکاتەوە. بە تایبەت کە کۆنگرەی ١٦ی حیزب بەڕێوەیە و دەکرێ ببێتە دەرفەتێک بۆ باس و ئاڵوگۆڕی بیرورا و دواجار ساغبوونەوە لە سەر بەرنامەی خەباتی پێشەڕۆژ.

دوا قسە ئەوەیە کە وەدیهاتنی ئامانجی ستراتیژیکی حیزب یان گەیشتن بە لانیکەمی داخوازییەکانیش، پێویستی بە ستراتیژێکی ڕوونی خەبات هەیە و لە ڕاستیدا ئەو دووانە یەکتر تەواو دەکەن.

**پێویستیی هەنووکەیی حیزبی دێموکراتی کورستان ئەوەیە کە بە قبووڵی ڕیسک و بە ئازایەتیی شۆڕشگێڕییەوە، بیر لە ئاسۆی خەباتی بکاتەوە و بە بێ سڵەمینەوە لە شانتاژی ئەم لایەن و ئەو لایەن، ڕێکارگەلی تازە گەنگەشە بکا و تاقیان بکاتەوە.**

لە ڕۆژهەڵاتەوە...

## ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەو ئۆپۆزیسیونی بێ غەم!



خالید محەممەدزادە

ڕەنگە زۆر ئاسایی بێ بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی کوردی بڵێن ڕێککەوتنە ئەتومیەکەی ئێرانو ٥+١ هیچ کاریگەریەک لە سەر «ئەوان» دروست ناکات، ئەمەش بە دوو هۆ: ئەمان لە دۆخێکی سیاسی دیاریکراوو (دەرەوەی بازنە)ی گۆرانکارییەکانو جوغرافیایەک دەژین کە پێش ئەوەی گۆرانکارییەکانی سەر ئێرانو پەیوەندیدار بە ئێران، کاریگەری لە سەر ئەمان دروست بکات، گۆرانکارییەکانی نێوخۆی عێراقو باشووری کوردستان کاریگەری ڕاستەخۆ لەسەر ئەمان دروست دەکات، بۆ نموونە دەکرێ ئەوەندەی گەمارۆی ئابووری بەغدا لە سەر هەرێمو بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم فۆرمە لە ئۆپۆزیسیون تا ئاستی داخستنی تەلەفزیۆنو بڕینی بودجەی ئەندامانو.... دروست بکات، ئەوە گەمارۆی ئابووریو لابردنی گەمارۆی ئابووری سەر ئێران هیچ گۆرانکارییەک لە سەر ئەمان دروست نەکات.

ئەگەرچی ئەمجۆرە لە دابران، هەڵەی کوشندەی ئەم جۆرە لە حیزبی سیاسییە کە گەیشتبێتە ئاستێک لە کاری سیاسیو شوێنێک لە جواغرافیای کاری کە گۆرانکارییەکانی سەر وڵاتەکەی هیچ کاریگەرییەک لە سەری دروست نەکاتو جێی تێرامانیشە هێزێک گۆرانکارییەکەی سەر خەڵکەکەی (ئەگەر بچوکو تاک ڕەهەندیش بێ) بە گۆرانکاری نەبینێ، ئەگەر خۆی لە نێو ئەو گۆرانکاریانە نەبینێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لێدوان لە سەر ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێرانو درێژکردنەوەی ئێران بە نێو یاریە ناوچەییو جیهانیەکان بە هاوکاری ئەمریکا، هەر هیچ نەبێ، باڵا دەستبوونی زیاتری ئێران لە عێراقو هەرێمی کوردستان، وەک چون لە ساڵانی ڕابردوو، کاریگەری ڕوخینەری لە سەر ئەم حیزبانە بووە، هێندەیتر قوناغی دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی دەتوانی زیانی زۆر زیاتر بۆ سەر ئۆپۆزیسیونی کوردی ڕۆژهەڵات هەبێ، مەگەر ئەوەی ئیتر هێزێک بە تەواوی خوی داماڵێ لە لە ململانێ لە گەڵ ئێرانو ڕووی کاری سیاسی خۆی بکات لە باشوورو باکووری کوردستانو پشت لە ئێران، وەک چون ئێستا کۆمەڵێک هێز هەمان کاریان کردوە.

ئێرانی پێش ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەو ئێرانی سەردەمی گەمارۆو قەیرانی ئابووری توانی کاریگەری کوشندە لە سەر دۆخی کورد نەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دروست بکات، بیگۆمان ئێرانی دەربازبوو لەم قەیرانانە دەستی هەرچی زیاتر ئاواڵا دەکات بۆ هاتنە پێش، ئەویش ئەمجارە بە هاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

بۆیە دەکرێت ئەمجۆرە لە لێدوان بخرێتە خانەی نەبوونی فیکری لێکدانەوەو غایب بوونی تیۆریو کارکتەری سیاسی نوێ بۆ خوێندنەوەی پێشهاتێک کە هەموو جیهان قسەی لەسەر دەکات، بەڵام لە پەراوێزی نمایشکردنی ئەم دابرانە بێگۆمان هێزیترو خوێندنەوەیتر هەبوو کە دەیانگوت دەکرێت ئەو پێشهاتە کاریگەری جیاواز لە کەرتی جیاواز بە ئاراستەی ئەرێنیو نەرێنی دروست بکات کە بەپلەی یەکەم ئەوەی بۆ کورد پێویستە نابێ پرسی نەتەوەییو مافی مرۆڤو دیموکراسیو خواستە مرۆییەکانی بخرێتە پەراویزی ئەم ڕێککەوتنەو ببێ بە قوربانی سازانی ئێرانو وڵاتانی جیهانی. ئەوەشی دەبێ بەشێک بێ لە هەڵگەرانەوەی ئەم مەترسیەو دروستکردنی دەرفەتی نوێ بۆ هەستانەوەو خۆ لادان لە بەرکەوتنی زیانەکانی ئەم ڕێککەوتنامە.

لە گۆرانکاریەکانی پەیوەندیدار بە کورد لە ناوچەکە، پێگەی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات لاوازترین پێگەیەو ئەم ڕێککەوتنەش بە حوکمی ئەوەی دەرەفەتی ناوچەیی بە ئۆکەی نێودەوڵەتی دەخاتە بەردەم ئێران کە وەک هێزێکی نوێ لە ناوچەکە دەرکەوی، بێگۆمان یەکەم دەرهاویشتەی وردو خاشکردنی نەیارانی خۆیەتی، بە بێ ئەوەی بتوانێ نارەزایی نێودەوڵەتی بە دوای خۆیدا بێنێ.

ناکرێت بە حوکمی ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە بە پێی لێکدانەوەی خۆیان کاریگەری لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی بێغەم دروست ناکات وا لێک بدرێتەوە کە هەمان کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵگاو پرسی کورد لە ئێران نابێ. دەبێ کار بکرێت پرسی سیاسی کورد نەخرێتە پەراوێز هیچ ڕێککەوتنو پێکهاتنی بەرژەوەندی خوازانەو ئەمەش وابکات پرسی کورد وەک پرسێکی بە قوربانی کراو بۆ جارێکیتر بە قوربانی بکرێتەوە، بە تایبەت کە باڵا دەستبوونی ئێران لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، چەندە دەتوانێ هەڵگری سپاسگوزاری هێزە کوردییەکانی ئەو هەرێمانە بێ بۆ ئێران، بە قەد ئەوەش زیانی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ کە ڕەنگە سادەترین دەرکەوتەی بە پلەی یەکەم کونترۆڵو خانەنشینکردنی زیاتری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بێ.

ئەم دۆخە نوییەش هەر دەرکەوتەیەکی لێ بکەوێتەوە لە سەر کورد، ئەوە ئەم دەرکەوتە بە پلەی یەکەم کاریگەری لە سەر کوردی ڕۆژهەڵات لێ دەکەویتەوە ئەو جار بۆ پێگەی گشتی کورد لە ناوچەکە.

لە دۆخێکی وادا ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی جیدیە کە خوێندنەوەی نوێو بابەتی بۆ دۆخەکە هەبێو کار بکات بو کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەم پێکەوەسازانە لەسەر پرسی کوردیو خواستەکانی.

# حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئادرەسێک بۆ بوونی مێژووی خەباتی نەتەوەیەک



**هوشەنگ قادری**

حەفتا ساڵ وەکوو شەقامێکی قەرەباڵغ لە شارێکی نیشتمانێکی گەورەدا، دەنگە دەنگ و سرتەکردن بە گوێی شەوانی پڕکاروان و خرمەی پچڕانی پشتوێنەکەی شاخ، بەجێمانی جامانە بە برینی ماچکراوی کانیاوەکان، لە دیوار هاتنە دەری قومێک خوێن بە ناونیشانی بێنیشان، لەگڵدا مانەوە و هێشتنەوەی ئەم هەموو نوسراوە بێ سنوورانە، پچڕان و لێکگرێدانەوە و یەکگرتنەوە و لەتەنیشت یەک بوون و هەتا دوا پێچەسەختەکانی ئەم گەردەنەیە لە حەفتا ساڵدا هەمووی لە گەرووی قەڵەمێک و تفەنگێک لە تابلۆی جامانەیەکدا بە ریز قەتارەیان بەستووە.

نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیەک ڕەنگە زۆر سەرچاوەی جۆراجۆری بوێ و پێویستی بە زۆر لێکۆڵەر هەبێ تا لە دەیان و بگرە سەدان قوژبنی ونبوودا بتوانن مێژوو بنووسن و بناسێنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئادرەسێک بۆ بوونی مێژووی نەتەوەیەک حیزبێک کە هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی دامەزرانییەوە دەبێتە هۆی شکڵگرتن و بونیادنانی سیستمێکی کۆماری بۆ بەدەوڵەت کردنی گەلەکەی. بۆ ئەوەی ئەگەر هەر نەبێ ژێرخانێک بۆ پێناسەکردنی نەتەوەکەی و میراتێک بۆ بەهێز بوونی ئیرادەی نەتەوەیی تاکەکانی ئەم گەلە بنیات بنێ، یەکەمین کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ و بە خولیای کۆکردنەوەی هەموو کوردێک لە ژێر سایەی ئەو ئالایەی هەتاکوو ئێستاش بۆ ئەم نەتەوە بە میراتێکی پڕ بایەخ ماوەتەوە، ئەم یەکەم هەنگاو و شوێندانەرە کە تا ئاستێک مێژوو بۆ هەمیشە سەبتی کردوە و لە هەمانکاتیشدا ئامۆژگاری و خەونی یەکەم سەرۆک کۆماری کوردان، پێشەوا قازی محەممەدی نەمرە.

لە وڵاتێکی وەکوو ئێراندا کە ئازادی لەگەرووی تەنگی شەوانی تاریکیدا دەخنکێندرا و کەس بۆی نەبوو باس لە رای جیاواز و نەتەوەی جیاواز و مافی وەکوو یەک بکات، خەباتکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بارووودۆخەدا راسان و، دەنگی ئازادیخوازییان هەڵبڕی و لە مێژووی ئەم سەرهەڵدان و بەرخودانە، چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیدا نابینرێت کە زیندان، یان شاخ و دەربەدەری و گیانبازی نەسیبی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە نەبووبێ. نموونەیەکی دیکە لە دوای کۆماری کوردستان هەستانەوەو دەسپێکردنی شۆرشی ٤٦- ٤٧ ە کە هاوشان لەگەڵ شۆرشی گەلانی ئازادیخواز لە سەرتاسەری دونیادا، ڕۆڵەکانی دیموکراتیش نەک هەر لە کاروانی ئازادیخوازی و بەرەنگاری بە جێ نەمان، بەڵکوو زۆر شوێندانەرتر هاتنە مەیدان، بەجۆرێک کە دەڵێن جەزیرەی ئارامی حەمەرەزا شایان ئالۆزاند و بەوکارەش لاپەرەیەکی زێرینیان لە خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەیان تۆمارکرد.

یەکێکی دیکە لەو قۆناغانەی لە حیزبی دیموکراتدا جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە، خواستی ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە دوای شۆرشی ١٣٥٧ە لەگەڵ تازە بەدەسەڵات گەیشتووانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

پەیامی بەشداری کردنی وەکوو یەک لەدەسەڵات و ڕەخساندنی مەجال بۆ خۆبەڕێوەبەری لە شکڵی خودموختاری بۆ کوردستان یەکێک لە سەرەکیترین پەیامەکانی حیزبی دێموکرات بوو.

هێنانە ئارای ئەم پرسە لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵاتی تازە لە تاران ئەو گرینگییەی هەیە کە کورد هیچکات دەستپێشخەر نەبووە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ، چونکە وەکوو دیارە و بەڵگەکانی لانی کەم لە ڕۆژنامەی «اطلاعات» و میدیا رەسمیەکانی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە نیشان دەدات کە نوێنەرانی کوردو لە نێویاندا حیزبی دیموکرات هەموو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێ، شەڕ ساز نەبێت. هەر لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ ئەگەر ڕۆژێک درەنگتر تووشی شەڕ بین ئەوە قازانجمان کروە و هەنگاوێک چوینەتە پێش.

قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی حیزبی دیموکرات بەرزیو نشێوەی جۆراجۆری بەخۆیەدیوە، هەر لە دەورانی خۆبەڕێوەبەری کوردستانەوە بگرە تا پاشەکشەو چۆڵکردنی شارەکان بە مەبەستی پاراستی گیان و ماڵی هاونیشتمانان لە ئاگری شەڕ.

سەرهەڵدانی خەباتی بەرگریکارانەی حیزبی دیموکرات لەبەرامبەر هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، لە دۆخێکدا کە کورد بەگشتی و بەتایبەت حیزبی دیموکرات هەموو هەوڵی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتیانە تەرخان کر دبوو.

ڕێ ژ ی م ی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوو کە هەر لە سەرەتاوە هێزی بۆ سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی هەموو دەنگە جیاوازەکان خستبووەگەڕ، بەبێ گوێدان بە مافی بەرحەقی گەلی کورد هێرش و پەلاماریان بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد. ئەم شەرە تا ئاستێک بۆ ڕێژیم گرینگ بوو کە تەنانەت ئایەتوڵڵا خومەینی وەک ڕێبەری ئەم نیزام و سیستەمە فتوای جیهادی لەدژی گەلی کورد دەرکرد.

لە دۆخێکیوادا ئەوەی بۆ تێکۆشەرانی کورد و ڕێبەریی بزووتنەوەی کورد مابووەوە بەرگریکردن لە پێناو مانو مەوجوودیەتی نەتەوەکەیان بوو. حیزبی دێموکرات بەلەبەرچاوگرتنی ڕێزی پێکەوە ژیان و پێکەوەبوونی ئاشتیانەی گەلانی ئێران تەنانەت لەو قۆناغە دژوارەشدا توانا و ئیستعدادی خۆی خستەوە خزمەت ئەو دەنگەی کە ڕێگای دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە و پێکەوەژیانی گەلانی ئێران ڕێگەو کۆتا چارەسەرە بۆ ئەنجامی ئەم پرسە. بەڵام ڕێژیمی مەیلی پێکەوە ژیانی لەگەڵ هیچ چەشنە بۆچوون و رایەکی جیاوازتر لە خۆی نەبوو. لەو قۆناغەدا کە بە بەرگریی چەکداری نەتەوەی کورد پێناسە کراوە، ئەوە بەسە بڵێین سەروەرییەک بۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو کە هەتا بە ئەمرۆش خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی ئەم میللەتە شانازی پێوە دەکەن.

خۆ ئەگەر ئەم پرسیارە لێرەدا بێنینە ئاراوە و وەڵامێکی بۆ دابنێین کە ئەگەر بەرگری چەکدارانەی تێکۆشەرانی کورد و لەنێویاندا حیزبی دیموکرات نەبوایە، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ئێستادا لەچ ئاست و قۆناغێک دا دەبوو؟ بڵێی ئەو ڕێژیمەی کە ڕێبەرەکەی بڕیاری فتوای بەدژی گەلی کورد دەرکردبوو، شتێک بەناوی هۆوییەتی کوردبوون دەهێشتەوە؟

لایەنێکی دیکەی قۆناغی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لایەنی دیپلۆماسییە. ئەو بەشەی کە ڕەنگە بکرێت بە خەتێکی زێرین بنووسرێتەوە، لە هەلومەرجێکدا خەباتی کورد لەوپەری بێ پشتیوانیی خۆیدا رووبە جیهانی دەرەوە ڕۆژگاری دوژواری تێپەر دەکرد، ڕێبەر و دیپلۆماتی بەتوانای حیزبی دیموکرات شەهید دوکتوو قاسملوو بەردی بناغەی پەیوەندییەک دادەرێژن کە تا بە ئێستاش جیهانی دەرەوە پابەند بەو دارشتنە دیپلۆماسیە لەگەڵ نەتەوەی کورد دا دەجولێتەوە. لەم بەشەدا پێویستە ئاماژە بەم فاکتە بکرێت کە لە زمان ئورووپاییەکانەوە زۆر گوتراوە کە دوکتوور قاسملوو ئەخلاقی هێنایە نێو سیاسەت. ئەو قۆناغە لە ژیانی سیاسی حیزبێکی وەکوو حیزبی دێموکرات و گەلەکەی نیشانەی سەداقەت لە سیاسەت دا تەنانەت دەکرێ ئەم نازناوە لێرەدا بدەینە پاڵ ئەو بەشە لەتەمەنی حیزبی دێموکرات کە تاکە کلیدی کرانەوەی پرسی کورد بە رووی دنیای دەرەوە لەو سەروبەندەدا بوو، دیپلۆماسییەک کە بە دارشتنی خەتەکەی لە لایەن شەهید دوکتور قاسملوو و درێژەدانی لە لایەن دوکتور شەرەفکەندی و ڕێبەرانی دیکەوە، توانی ببێتە لاپەرەی ئەسڵی و تەنانەت لە بەشێکی مێژوویدا ببێتە هۆی پچرانی پەیوەندیەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە کە سەرەکی ترین بەڵگەش بۆ ئەو دیپلۆماسیە بەهێزەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم قسەی حەسەن روحانیە کە لە کتێبی ئەمنیەتی هەستەییدا ئاماژەی پێداوەو دەڵێ؛ لە دوای ڕووداوی میکۆنۆس وەزعی دیپلۆماسی ئێران گەیشتە زەعیفترین ئاستی خۆی.

کەواتە دەکرێ بڵێین قۆناغی دیپلۆماسیش هاوشێوەی قۆناغەکانی دیکە کارتێکەری و کاریگەری خۆی لەسەر پانتایی سیاسەت کردن هەم لە ئێران و هەمیش لە کوردستان هەبووە.

ئێستا دوای حەفتا ساڵ خەباتی بێپسانەوە، هێشتاش حیزبی دێموکراتە کە لە سەر بنەمای زۆر خوێندنەوەی نوێ و سەردەمیانە لە خەبات و چالاکی دایە. گرینگیدان بە خەباتی مەدەنی و بەهێزکردنی هەموو ئەو دەنگانەی دەتوانن کاریگەری لەسەر بەهێز بوونی دەنگی نارەزایەتی دابنێ، ئاوردانەوە لە یەکگرتوویی و وەرێخستنی حەرەکەتگەلێک لە چەشنی نافەرمانی مەدەنی، هاوشێوەی ساڵەکانی ٨٤ و ٨٦، هەنگاونان بۆ هێنانە ئارای گوتاری نوێ و ڕەهەندی نوێی خەبات، خوێندنەوەی سەردەمیانە لە خەبات و گەڵاڵەکردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتمیحوەری لەراستای بەرۆژەڤ بوونی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات هاوشان لەگەڵ پرسەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستان، ڕێکخستن و نەزمدان بە هێزی ناوخۆیی و بەگژداچوونەوەی هەر چەشنە پەلامارێک کە دەبێتە هۆی ئاسمیلەکردنی نەتەوەیی لە ڕێگای «پارێزەرانی ڕۆژهەڵات»، گرینگیدان بە بەهێزبوونی زمان و پشتیوانی کردن لە هەر هەنگاوێکی فەرهەنگی، ئەدەبی و ژینگەپارێزی و ... هەتا دوایی بە مەبەستی چالاککردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاو کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بە قازانجی بەرەوپێشبردنی خەباتی گشتیی خەڵکی کوردستان.

هەمووی ئەمانە بەرهەمی خەباتی حەفتاساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. ئەوەی ماوە ئاماژەی پێبکەین ئەو خاڵەیە کە جموجۆڵەکانی ئەم قۆناغە لەخەبات گەیشتۆتە ئاستێک کە لە هەموو بوارە، فەرهەنگی، کلتووری، سیاسی، ڕۆشنبیری و بەهێز بوونی هەستی نەتەوەیی لە لوتکەی خۆیدایە کە بەشێکی ئەسڵی ئیبتکارەکان لە تواناکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕەنگدەداتەوە.

---

ن: ڕەزا محەممەد ئەمینی
وەرگێڕان بۆ کوردی:
سیروان موساپوور

# کاریگەریی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەسەر ئابووریی ئێران

سەرەنجام دوای ٢٢ مانگ وتووێژی بەردەوامی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتانی ناسراوا بە ١+٥، ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەنێوان لایەنەکاندا واژۆ کرا. بەپێی برگەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بڕیارە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوو و دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی بەناو «راستی آزمایی»ی ئاژانسی وزەی ناوکی، سەبارەت بە ئەنجامی پڕاکتیکیی بەڵێنەکانی ڕێژیم، گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەڵگیرێن.

هەرچەند گرفتە زۆرەکانی ئابووریی ئێران سەرچاوەیان لە سیاسەتە گەورە و (کلان)ەکانی ڕێژیم لە بوارە سیاسیی و ئابوورییەکان و لە دوو ڕەهەندیی نێوخۆیی و دەرەکی دا گرتووە و بۆ ساڵانی پێش سەپاندنی تەحریمەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام تەحریمەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەت لە ساڵی ١٣٩١ەوە کە بەشێوەیەکی بێپێشینە پەرەی بە پانتایی و ڕەهەندەکانی دا، پێکهاتەی ئابووریی گەندەڵ و تێکشکاوی ئێرانی بەشێوەیەک تووشی زەبری گورچوبڕ کرد کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و لەسەرووی هەموویانەوە خامنەیی ناچار بە پاشەکشە و دەست هەڵگرتن لە بەرزەفڕیی ناوکی و قبووڵکردنی مەرجەکانی کۆمەڵگەی جیهانی کردووە.

لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا لەڕێگەی فرۆشتنی نەوت کە لەڕاستیدا سەرچاوەی سەرەکیی داهات و دابینکردنی ئەرز (پارەی بیانی)ی پێویستییەتی، لە بەرامبەر گوشاری گەمارۆکاندا خۆی ڕاگرێ، بەڵام تەحریمە هۆشمەندەکان بەتایبەت تەحریمی بانکەکان و دامەزراوەکانی ڕێژیم و سەپاندنی سزا بەدژی ئەو وڵات و کۆمپانیایانەی کە گرنگییان بە تەحریمەکانی دژ بە ئێران نەدابوو، لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی و پچڕاندنی ڕێگاکانی دەسڕاگەیشتنی ئێران بە داهاتی فرۆشتنی نەوت، زیاتر لە پێشوو ئەڵقەی گەمارۆکانی بۆ سەر دەسەڵاتدارانی ڕێژیم توند کردبوو.

لەم پێناوەدا دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ چوونەدەر لە قەیران، دەورلێدانی تەحریمەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی و لە هەمان کاتدا وەدەسهێنانەوەی داهاتەکانی سەرچاوەگرتوو لە هەناردەکردنی نەوت دەستیان بۆ هەموو جۆرە پیلان و فرتوفێڵێک درێژ کرد. بە هەرزان فرۆشتنی نەوت، هەناردەکردنی لەژێر ناو و ئاڵای وڵاتانی دیکە و دیارە زۆرجار وڵاتانی ون و بێناو، فرۆشتنی نەوت بە دراوی باو لە وڵاتی کڕیار و گۆڕینەوەی داهاتی وەدەستهاتوو بە دۆلار یان دراوە موعتەبەرەکانی دیکەی جیهانی کە تێچووی زۆریشی هەڵگرتووە، لەو فێڵانە بوون کە کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ بردوون. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم تەنانەت فرۆشتنی



نەوت لە بەرامبەر کاڵا واتە مامەڵەی کاڵا بە کاڵاشیان تاقی کردەوە کە لەڕاستیدا بێجگە لە فڕێدان و بەفیڕۆدانی سامان و دارایی جەماوەری خەڵکی ئێران ناتوانرێ نێوی دیکەی لەسەر دابنرێ. زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین لە ماوەی سەپاندنی تەحریمەکان بەسەر ئێراندا، چەندین ملیارد دۆلار لە سەرمایەکانی وڵات بەبا ڕۆیی.

بەرتیلدان و پێدانی پارەیەکی زۆر و زەبەلاح بە کۆمپانیا پلە دوو و پلە سێیەکانی بواری نەوت لە ناوچەکەدا بۆ کەڵک وەرگرتن لە نێو و ئیمتیازی ئەوان بۆ هەناردەکردنی نەوت، فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی کەسەکان و کەڵک وەرگرتن لە حیسابی بانکیی ئەوان بۆ دابینکردنی ئەرزی پێویست، کە لە زۆر بابەتی وەک مەسەلەی بابەکی زنجانیدا بوو بەهۆی ونبوونی چەندین ملیارد دۆلار، لەو کردەوانە بوون کە ڕێژیم لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ دەورلێدانی تەحریمە ئابوورییەکان و وەدەسهێنانی داهات و بە واتایەکی دیکە بۆ ملکەچ نەکردن بۆ ویستەکانی کۆمەڵگەی جیهانیی و ڕانەگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆرم و چەرخەی ناوکی، دەستی بۆ بردن. بەم حاڵە هەروەک دیتمان ڕێژیم لە تەواوێتیی خۆیدا ناچار بوو بێتە بەردەم مێزی وتووێژ و بۆ ڕزگاربوون لە گۆشەگیریی و تەریک کەوتنەوەی نێونەتەوەیی و گوشاری کەمەرشکێنی ئابووری و کۆتاییهێنان بۆ تەحریمەکان کە لەو چەند ساڵە چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگەی تووشی دەستەوەستانیی و داماویی کردبوو، ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی واژۆ بکا.

گومان لەوەدا نیە هەڵوەشانەوەی تەحریمەکان لە چەند ساڵی داهاتوو و لە درێژخایەندا، کاریگەری گەلێ قووڵ و شوێندانەر لە برەوسەندن و گەشەکردن و بووژانەوەی ئابووریی خەساردیتووی ئێراندا دێنێ. هەنووکە زۆر لە وڵاتە پیشەسازییەکانی جیهان و کۆمپانیا گەورەکانی دەرەوە، لە هەموو بەشە ئابوورییەکان بەتایبەت لە بوارەکانی نەوت و گاز، پێترۆشیمی، فڕۆکەوانیی و

ل ٩



رەحمان پیرۆتی

# هۆکارەکانی پشت هێرشی تورکیه بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان

شکاندنی ئاگربەستی ساڵی ٢٠١٣ و بە ئامانج گرتنەوەی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پەکەکە، و هاوکات پەیوەست بوونی یارمەتیدەرانەی بە هاوپەیمانی دژ بە داعش، نیشانەی دەستپێکی وەرزێکی نوێیە لە سیاسەتوەرزی حکوومەتی تورکیە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا. ئەو سیاسەتە نوێیە بەرهەمی چەند هۆکاری سەرەکییە:

**یەکەم ،گۆڕانی نەخشەی سیاسی و بەڕێوەبەریی تورکیە لەسەر بنەمای ئەنجامی دوایین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی**

لەو هەڵبژاردنەدا، دەنگەکانی ئاک پارتی بەهۆکاری جیاواز بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیان کرد، بەتایبەت لە سندووقەکانی باکووری کوردستان کە زۆرینەی دەنگەکان ئەوجارە بۆ پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک، هەدەپە، بوون. ئەو شکستە نە تەنیا کۆتایی بە سێ دەورە دەسەڵاتداری تاک حیزبی ئاک پارتی هێنا، بەڵکوو خولیای رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیەی بۆ دامەزراندنی سیستمی کۆماری و گۆڕینی یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە بۆ داهاتوویەکی نادیار حەواڵە کرد. لەلایەکی دیکە، براوەی سەرەکی هەڵبژاردنەکە هەدەپە بوو کە دەنگی رەوتی نەتەوەیی و میانڕەوی کورد و بەشێک لە چەپە گۆڕانخوازەکانی تورکی بەدەست هێنا. هەدەپە بە پشت بەستن بە دەنگی جەماوەر بووەتە هێزێکی جەماوەری گەورە کە لە رووی سیاسی و یاسایی و تەنانەت بەڕێوەبەریشدا دەتوانێ ئاستەنگێکی گەورە بێت بۆ ئاکەپە، بۆیە ئاکەپە دەیەوێ بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی زەبر و زەنگ و زاڵکردنی کەشی ئەمنی و شەڕ، بنکە جەماوەری و یاساییەکەی هەدەپە بکاتە ئامانج. هەمیش دەیهەوێ دەنگە لەدەستچووەکانی لە دەنگدەری نارازی تورک وەربگرێتەوە.

**دووەم، شکست هێنانی پرۆسەی ئاشتییە لەنێوان پەکەکە و حکوومەتی تورکیە**

ئیستارتی شکستی ئەو پرۆسەیە ئەو کاتە لێدرا کە حکوومەتی تورکیە لەگەڵ پەسەندکرانی یاسایەکی تایبەت بە چەکدانانی ئەندامانی پەکەکە دژایەتی کرد کە لەلایەن هەدەپەوە ئامادەکرابوو و عەبدوڵلا ئۆجەلان و سەرکردایەتی پەکەکەش قبوڵیان کردبوو. ئەو کاتەی قۆناغی پرۆسەی ئاشتی لە دروشمەوە گەیشتە قۆناغی کردەوە، حکوومەتی تورکیە تووشی کێشە بوو، چونکە نەیویست پرۆسەی ئاشتی بخاتە چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی و زیاتر لە روانگەی ئەمنییەوە سەیری دەکرد کە ئەوەش بۆ لایەنە کوردییەکان جێی قبوڵکردن نەبوو. ئاکەپە دەیهەوێ کوشتنی دوو پۆلیس و ئاگرتێبەردانی چەند ئۆتۆمبێلێک لەلایەن ئەندامانی پەکەکەوە بکاتە بیانوویەک بۆ لابردنی ئۆباڵی شکستی پرۆسەی ئاشتی لەسەر شانی خۆی. هەرچەندە ئەو هەنگاوەی پەکەکەش جێی تێڕامان و رەخنەگرتنە بەڵام هۆکاری شکانی ئاگربەست و تێکچوونی پرۆسەی ئاشتی نییە.

هۆکارێکی دیکە پەیوەندی بە سیناریۆکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی تورکیەیە. ئاکەپە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستنەهێناوە و پێویستی بە هاوپەیمانە بۆ پێکهێنانی حکوومەت. جەهەپە و مەهەپە کە دوو هێزی گەورەی پەرلەمانی تورکیەن، دژی پرۆسەی ئاشتین و لەوانەیە تێکدانی ئەو پرۆسەیە یەکێک لە مەرجەکانیان بێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت. لەوانەشە ئاکەپە و رەجەب تەیب ئەردۆغان بیریان لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن کردبێتەوە و پێیان وابێ ئەگەر سیاسەتی توند بەرامبەر پەکەکە بگرنە بەر و لە شەڕی دژی داعشیشدا رۆڵ ببینن، دەنگدەران زیاتر روویان تێبکەن.

جگە لە هۆکارە ناوخۆییەکان، هۆکارە دەرەکییەکان و بەتایبەت بەهێزبوونی رەوتی سیاسی و سەربازی نزیک لە پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان، بە یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکانی ئەو سیاسەتە نوێیە دادەنرێن.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ لێدانی بنکەکانی پەکەکە، تورکیە سیاسەتی خۆی بەرامبەر داعشیش گۆڕی و رایگەیاند وێڕای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بنکە و پێگەکانی داعش دەکاتە ئامانج، بەڵام وێدەچێ ئەو سیاسەتە رواڵەتی بێ و زیاتر سێرەی لە وەرگرتنی دوو پوان گرتبێ. بە پێی ئەو سیاسەتە نوێیە؛ تورکیە رێگە بە ئەمریکا دەدات کەڵک لە بنکە ئاسمانییەکانی ئەو وڵاتە بۆ لێدانی داعش وەربگرێ و لە بەرامبەریشدا ئەمریکا و ناتۆ یارمەتیدەری تورکیە دەبن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی دروستکردنی هەرێمی ئارام و ئەمن لەنێو خاکی رۆژئاوای کوردستان و هەروەها لە بەرامبەر هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر بنکەکانی پەکەکە لەسەر خاکی باشووری کوردستان بێدەنگی هەڵدەبژێن. بەو پرۆژەیە تورکیە هەوڵی بەرتەسک کردنەوە و لاوازکردنی بزووتنەوەی کوردی نزیک لە رەوتی پەکەکە دەدات لە رۆژئاوای کوردستان بەتایبەت باڵی سەربازییەکەی، یەپەگە، کە زیاتر لە ساڵێکە، هێزێکی مەیدانی کاریگەر بووە لە شەڕی دژی داعشدا و ئەوەش ئیعتبارێکی سیاسی و سەربازی گەورەی بۆ پەیەدە و یەپەگە پەیداکردووە.



**هەدەپە بە پشت بەستن بە دەنگی جەماوەر بووەتە هێزێکی جەماوەری گەورە کە لە رووی سیاسی و یاسایی و تەنانەت بەڕێوەبەریشدا دەتوانێ ئاستەنگێکی گەورە بێت بۆ ئاکەپە، بۆیە ئاکەپە دەیەوێ بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی زەبر و زەنگ و زاڵکردنی کەشی ئەمنی و شەڕ، بنکە جەماوەری و یاساییەکەی هەدەپە بکاتە ئامانج**

تورکیەش لەو ئێعتبارە سیاسییە و هەروەها بەهێزبوونی سەربازی رەوتەکانی نزیک لە پەکەکە نیگەرانە و هەوڵدەدات بە بیانووی مەترسییەکانی داعش، رێگری لە بەهێزبوون و جێگیربوونی دەسەڵاتی پەیەدە لە رۆژئاوای کوردستان بکات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سیاسەتە نوێیە، تورکیە لە سێ بەرە شەڕی دژ بە کورد دەستپێکردووە. لەلایەک بنکە و بارەگاکانی پەکەکە و خەڵکی مەدەنی لە ناوچە سنوورییەکان کردووەتە ئامانج و لەلایەکی دیکەش لە نێوخۆی باکووری کوردستان شەپۆلێکی دەستگیرکردن و بەندکردنی چالاکوانانی سیاسی و کردنەوەی دۆسیەی دادگایی کردن بۆ پەرلەمانتارانی کوردی دەستپێکردووە. هەروەها هەوڵدەدات هێزی سەربازی و سیاسی خۆی لە رۆژئاوای کوردستان زاڵ بکات و رێگە لە پێشڕەوی و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی پەیەدە بگرێت. هەموو ئەوانەش لەپێناو قورس کردنی پێگەی تورکیە لە پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچە و وەدیهێنانی خەونی ئیمپراتۆری عوسمانی نوێ و بەهێزکردنی پێگەی جەماوەری ئاکەپە و زاڵکردنی دەسەڵاتی تاک حیزبی لە تورکیە و پێشگرتن لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە باکووری کوردستان دەکات.

لە بەرامبەردا، پارتی کرێکارانی کوردستان کە مەیدانی سەرەکی سیاسەتکردن لەگەڵ ئەو پرۆژانەی حکوومەتی تورکیەی بەدەستەوەیە، پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە بکات. ئەو حیزبە سەرەتا دەبێ رێگە لەو هەوڵە ناوخۆییانە بگرێ کە دەیانەوێ پرۆسەی ئاشتی تووشی گرفت بکەن. هەروەها دەبێ ببێتە سەکۆیەک بۆ کۆبوونەوەی زیاتری هێز و کەسایەتی و لایەنەکانی باکووری کوردستان، چونکە وەک لە کۆبوونەوەی رۆژانی رابردووی ئەحمەد داود ئۆغڵووی سەرۆک وەزیران لەگەڵ ژمارەیەک لایەن و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دەرکەوت، حکوومەتی تورکیە دەیەوێ کەلێن بخاتە نێوان بزووتنەوەی شاخ و شاری باکووری کوردستان. هەروەها لە رۆژئاوای کوردستانیش لایەنەکانی نزیک لە پەکەکە پێویستە کۆتایی بە زاڵبوونی تاک حیزبی و تاک دەسەڵاتی بهێنن تا بتوانن بە یەکگرتووییەوە کار لەسەر رووبەڕووبوونەوەی پرۆژەکانی تورکیا بکەن.



# درێژەی: کاریگەریی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەسەر ئابووریی ئێران

ئۆتۆمبێل سازیی و خواردەمەنییەکان، ئامادەن سەرمایەگوزاریی لە ئێراندا بکەن یان کاڵا و شتوومەکی بۆ بنێرن. لەم پێوەندییەدا، «زیگمار گابریل» وەزیری ئابووریی و وزەی وڵاتی ئەڵمان، هاوڕێ دەگەڵ نوێنەرانی ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە گەیشتە ئێران. بە وتەی بەشی فارسیی «دویچە ولە» ی دەنگی ئەڵمان، یەکیەتیی پیشەسازیی ئەو وڵاتە بەنیازە ساڵانە ١٠ ملیارد یۆرۆ کاڵا و شتومەک و کەرەسەی جۆراوجۆری پیشەسازیی هەناردەی ئێران بکا.

هەروەها وەزیری دەرەوەی فەڕانسە «لوران فابیوس» گەیشتە ئێران و ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ پەرەپێدانی پێوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکان و بەشداریی کارا لە بازاڕەکانی ئێرانی، دەگەڵ بەرپرسانی ڕێژیم هێناوەتەگۆڕێ. بێجگە لەمەش، کۆمپانیا چینی، ژاپۆنی، ئیتالیایی و تەنانەت ئەمریکییەکانیش ئامادیی و حەزی خۆیان نیشان داوە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووری سەرمایەگوزاریی بکەن و لە نۆژەنکردنەوەی ژێرخانە ئابوورییەکانی ئێراندا بەشدار بن. جێگەی ئاماژەپێدانە دوای هەڵوەشانەوەی تەحریمەکان، تەواوی داراییە بلۆک کراوەکانی ئێران کە دەگوترێ زیاتر لە ١٠٠ ملیارد دۆلارە، ئازاد دەکرێن و ئەگەر ڕێژیم بە شێوازێکی باش ئەم سەرمایە گەورانە بخاتەنێو چەرخەی ئابووریی ئێرانەوە، بێشک هەنگاوێکی گەورە لەپێناو برەودان و بووژاندنەوەی ئابووریی هەڵدەگیرێ.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بگوترێ پڕۆسەی گەشە و پەرەسەندنی ئابووریی تووشی گەلێک کۆسپ و گرفتی ئاڵۆزە کە لەلایەک ڕیشەی لە پێکهاتەی نەزۆک و نائەکتیڤیی ئابووریی مەسرەفی و لە هەمان کاتدا یەک بەرهەمیی ئێراندا هەیە و لەلایەکی دیکەوە بۆ سیاسەتە کەلان و گەورەکانی ئێران دەگەڕێتەوە کە لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی ئەم داتەپینە ئابوورییە لە زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودایە. بۆنموونە دەتوانرێ ئاماژە بە بارودۆخی ئابووریی لە کاتی شەڕی ٨ ساڵەدا بکرێ کە بەهۆی ئەم شەڕهەڵایساندنە، ڕێژیم هەزاران ملیارد دۆلاری خەسارەت تووشی خەڵکی ئێران کرد؛ یا دەتوانرێ ئاماژە بە ڕەوشی قۆناغی بەناو «بازسازیی» بکرێ کە لەو کاتەوە تا ئێستا بەشە گەورەکانی ئابووریی، بەتایبەت لە بەشی نەوت و گاز، لەژێر دەسەڵاتی پاسداران دایە؛ سەدسازیی لەڕادەبەدەر کە بۆتەهۆی وشکبوونی دەریاچە و تاڵاوەکان و بەفیڕۆچوونی سەرچاوە ئاوییە ژێرزەوییەکان و، هەروەها لە هەموانیش گرنگتر یارمەتییە ملیاردییەکان بۆ ڕێکخراوە توندئاژۆ ئیسلامییەکان لە گۆشە و کەناری جیهان، لەو خەرجییە زۆرانە بوون کە ئابووریی ئێران و جەماوەری زەحمەتکێشی خەڵکی ئێرانی لەپێ خستووە.

فاکتەرە پێکهاتەییەکانی وەک لێنەهاتوویی لە بەڕێوەبەرێتیی کەلانی ئابووری، گەندەڵیی دارایی هەمەلایەنە و بەربڵاو لە سیستەمی بانکیی وڵاتدا (ئیختلاسی ٣هەزار ملیارد تمەنی)، بەخشینی ئیمتیازگەلی لەڕادەبەدەر بە «ئاغازادە و ئازیزان»ی نزیک لە دامودەزگای دەسەڵات، ئابووریی ڕانتی لە هەموو بەشەکان بەتایبەت لە پیشەسازیی نەوت و گازدا، پشکی زۆری دامەزراوە و ڕێکخراوە سەروویاساییەکان و بەدوور لە چاوەدێریی دەزگای بەڕێوەبردن لە سەروەت و سامانی وڵات وەک بونیادی موستەزعەفان، بونیادی شەهید و بونیادی ئاستانی قودسی ڕەزەوی کە ڕادەی سامان و داراییەکەیان تەنیا دارودەستەی ڕێبەری ڕێژیم لێی ئاگادارن،؛ هەموو ئەوانە لە لەمپەرە جیدییەکانی بەردەم گەشە و پێشکەوتنی ئابووریی ئێرانن.

بێجگە لەمەش دەتوانرێ ئاماژە بە ڕۆڵی ڕووخێنەری سوپای پاسداران لە ئابووریی ئێران و بەتایبەت لە بواری نەوت و گازدا بکرێ. لە ماوەی سێ دەیەی دواییدا و بەتایبەت دوای شەڕی هەشت ساڵەی ڕێژیم لەگەڵ عێراق، سوپای پاسداران بۆتە گەورەترین کارتێل و غولی ئابووری و بێگەڕانەوە بۆ دەوڵەت و پێویستیی وڵامدانەوە پێی، بە کەیفی خۆی ئەسپی خۆی لە گۆڕەپانی ئابووریی وڵاتدا تاو دەدا. لە چەند ساڵی دواییدا و لە کاتی نەبوونی کۆمپانیا دەرەکییەکاندا تەواوی ئیمتیازەکانی پێوەندیدار بە دۆزینەوە دەرهێنانی نەوت و گاز لە کەنداوی فارس و ناوچە پڕ لە نەوتەکانی تری وڵاتی بەدەستەوە بووە. لەم پێوەندییەدا بێهۆی نیە کە سوپای پاسداران و هەموو دامەزراوە ئابوورییەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵ و چاوەدێریی دەوڵەت، لە ڕەوتی دانوستانە ناوکییەکاندا، جار نا چارێک، تووڕەیی خۆیان نیشان دەدا و تەنانەت بە ئاشکرایی دژایەتییان دەگەڵ دەکرد.

لە کۆتاییدا دەبێ وەبیر بێنینەوە لەگەڵ هەموو ئەو کەند کۆسپانەی ئاماژەیان پێکرا، هەڵوەشانەوەی تەحریمە ئابوورییەکان کاریگەریی لەسەر کاروباری برەوسەندنی ئابووریی و کەمبوونەوەی دواهاتەکانی تەحریمەکان وەک دابەزینی ڕێژەی بێکاری، پێشگرتن لە ڕاوەستان و ڕکوودی ئابووری و زیادکردنی بەرهەمی کارگە و کارخانەکان، گەشەی بازرگانیی نێوخۆیی و دەرەکی، ئاسانکاریی لە هەناردە و هاوردەکردنی کاڵاکان و پێداویستییە گشتییەکان ... دەبێ. کرێکاران، زەحمەتکێشان و توێژە مامناوەندییەکانی کۆمەڵگە نیشانیان داوە هەرکات بارودۆخی ئابووری بەرەو باشتربوون و گەشانەوە بچێ، هەرکات نەدارەکانی کۆمەڵگە کەڵکەڵەی ژیان و گوزەرانیان کەمتر بێ و بۆ دابینکردنی بژێویی ژیان وەتەنگ هەڵنێیەن، ترسی دەرکران لە کار و بێکاریی و لە دەرەنجامی ئەوەشدا نەداریی و برسیەتی منداڵەکان و گرفتە ڕۆژانەییەکانی دیکەیان نەبێ؛ بێگومان بیر لە بابەتگەلی دیکەی وەک ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و مافی بەهرەمەندبوون لە نیعمەت و ئیمکاناتەکانی دیکە دەکەنەوە.

# ملهوڕی لە فەزای مەجازیدا



سوهەیلا وەحدەتی (*)

ماوەیەکە کۆمەڵە پیاوێک بە [ناوێکی کە هەر لەخۆیان دەکاڵێتەوە]! (١) لە فەزای سایبێریدا دەستیان کردوە بە جنێودان و سووکایەتی کردن بە هێندێک ژنی خەباتگێڕی کورد. ئەو پیاوانە کێن و بۆچی وا دەکەن؟ ڕەنگە ئەو کەسانە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نەدرکێنن، بەڵام دەتوانین لە بواری کەسایەتییەوە خوێندنەوەیان بۆ بکەین و بیانناسین کە چ تیپە پیاوێکن و بۆچی وا دەکەن.

## ملهوڕی چییە؟

ملهوڕی: واتە کەسێکی ملهوڕ و ملئەستوور بە زۆری و لێدان و جنێو و سووکایەتی کردن، هەوڵی سووک کردنی کەسێکی دیکە بدا، هەتا خۆی هەست بە بە هێژمۆنی و بەهێزی بکا، ملهوڕ دەتوانێ لەم پێوەندییە نایەکسانەدا سوودی دارایی دەست کەوێ یا بە زۆری ئیمتیاز وەربگرێ، یا جاری وایە تەنیا بۆ خۆ بەزۆرترزانین و هەستی هێژمۆنی ئەو کارە دەکا.

ملهوڕ توانای زۆرداریتی و سووکایەتی و جنێودانی هەیە، بەڵام لە باری کەسایەتییەوە بێبنە وما نێوهەڵۆڵە . ئەو کەسەی دەیەوێ بە زۆرداریتی و جنێو و سووکایەتی و شەڕ و هەراوە هەستی هێژمۆنی خۆی بسەلمێنێ؛ کەسایەتییەکی لەرزۆکی هەیە کە بەبێ زۆرداری ناتوانێ سەرنجی خەڵک ڕابکێشێ، هەر لەبەر ئەو لاوازییە دەروونییە هەوڵ دەدا کەسێک ببینێتەوە کە یا لە بواری جەستەییەوە لاواز بێ، یان خاوەن پلە و پێگەیەکی نزمی کۆمەڵایەتی بێ، یا بە کورتی بەجۆرێک لە جۆرەکان زوو زیانی لێ بکەوێ.

ملهوڕ قوربانییەک دەدۆزێتەوە و، بە چووک کردنەوە و سووک کردنی قوربانییەکە خۆی هەست

**بنەماکانی کەموکوڕی کەسایەتی ئەوانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ کە دەبێ بە کەڵەگایەتی و ملهوڕی قەرەبووی بکەنەوە و هەستی هێژمۆنی درۆیین بە خۆیان بباوەڕێنن؟ بۆچی لە بەرانبەر ژنانی خەباتگێڕی کورددا هەست بە کەموکۆڕی و سووکی دەکەن، کە دەبێ بە کەڵەگایەتی قەرەبووی بکەنەوە؟**

بە هێژمۆنی و هێز دەکا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەسی ملهوڕ، خۆی لە کەسایەتی خۆیدا هیچ تایبەتمەندییەکی دیار شک نابا کە جێگەی ڕێز بێ. بۆیە بە دوای دامەزراندنی پێوەندییەکە لە سەر بنەمای هێز و زۆرداری تا هەست بە گەورەیی و هێژمۆنی بکا. لە ڕاستیدا هەست کردن بە هێژمۆنی کەسی ملهوڕ؛ لە تایبەتمەندیی تاکەکەسی ئەوەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو بەرهەمی چووک کردنەوە و سووک کردنی قوربانییە.

## ملهوڕ لە ڕێگەی جنێو و سووکایەتییەوە

جنێو و سووکایەتی کردن یەکێکە لەو ئامرازانەی کەسی ملهوڕ بۆ سووک کردنی قوربانی بەکاری دێنێ. سووکایەتی ڕەنگە بیچم و ڕواڵەتی قوربانی یا باوەڕەکانی یان هەرکام لە تایبەتمەندییە کەسێنییەکانی بکاتە ئامانج. شێوازی سووکایەتی پێکردن زیاتر بە جنێوانەوەیە کە تایبەتمەندی قوربانی سووک و چروک و ناشیرین و شوورەیی نیشان دەدا. ملهوڕ دەتوانێ هەر تایبەتمەندییەکی قوربانی کە وەک هی خۆی ناچێ، بە جنێودان سووک و چرووک بکا.

## ملهوڕیی جینسی

ملهوڕیی جینسی؛ جنێوی جینسی، سووکایەتی و چوککردنەوەی جینسی، باس کردن لە وردەکارییەکانی ژیانی جینسی، هەڕەشەی دەستدرێژی جینسی و تەنانەت فەلاقە کردنی جینسی دەگرێتەوە. کەسی ملهوڕ و کەڵەگا بەو جۆرە قوربانی لە بواری جینسییەوە دەخاتە ڕەوشێکی نزمەوە و دەیەوێ قوربانی بە هۆی جینس و یان مەیل و ڕەفتاری جینسییەوە هەست بە شەرمەزاری و سووکایەتی بکا. ئەو پیاوانەی سووکایەتی جینسی بە ژنان دەکەن، پێیان وایە پیاوەتی و هێزی پیاو بوون لە سێکسیدا کورت دەبێتەوە و، هەروەها هێزی جینسی دەگەڵ ئەندامی جینسی بەرانبەرە و، هەر بۆیە هێزی پیاوەتی لە ئەندامی جنسییەتی ئەو پیاوە دا دەبینێ.

## کەڵک وەرگرتن لە توخمی «شەرم»

ئەوی لە فەرهەنگی «شەرقی» دا ژنی پێ دەشکێنن، فەرهەنگی شەرم و شەرمێونییە؛ کە بە تەواوی وێژاری جینسی داگرتوە. لە فەرهەنگی ئێمەدا هەر شتێکی پێوەندیی بە شوناسی جینسی، ئەندامی جینسی، خواست و پێوەندیی جنسییەوە هەیە، دەکەوێتەوە چوارچێوەی ژیانی تاکەکەسی تاکەوە و، کەس بە ئاشکرایی باس لە پرسی پێوەندیدار بە سێکسەوە ناکا. هەر بۆیە باس کردن لە ئەندامی جینسی ژن یان دوان لە سەر ڕەفتاری جینسی ئەو، بە سووکایەتی و بەزاندنی هەرێمی تایبەتی ژن دەژمێردرێ. جاری وایە جنێوێکی جینسی نەک هەر سووکایەتییە بە ژن، بەڵکوو سوکایەتییە بە بنەماڵەکەی و، بنەماڵە بە ناوی بەرگری لە ناموس، شەڕ و خوێنڕشتنی بە دواوەیە.

ملهوڕی جینسی ڕاست کەڵکی لەو خاڵە وەرگردوە کە دەزانێ ژنانی پێدەشکێن و ڕێک باس لە ئەندامی جینسی، پێوەندی جینسی و، بە کورتی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی سێکسی ژن دەکا تا بە قەولی خۆی شەرمەزاری بکا. کابرای ملهوڕ مەبەستی ئەوەیە قوربانی لە بەرانبەریدا هەست بە شەرم و لاوازیی بکا و بۆ پاراستنی ئابروو و ناموسی خۆی لە کابرای ملهوڕ بپارێتەوە. ژن هەر چەندە شەرمێونتر بێ، ملهوڕ هێندە زیاتر بێشەرمانە و توندوتیژانە دێتە بەرەوە.

سەیر ئەوەیە لە فەرهەنگی ڕۆژاوایی «غەربی»دا ژنان شەرم لەو شتانە ناکەن و ئەگەر پیاوێک سووکایەتیی جینسی بە ژنێک بکا، یان گوێی پێی نابزووێ، یان دەم بە دەمەی دەگەڵ دەکا و لە وڵامدانەوە دانامێنی. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتیدا ژنان بە هۆی شەرمێونی جاری وایە خۆیان دەکوژن.

## ملهوڕیی بە کۆمەڵ

ملهوڕ، چونکە کەسێکی لاواز و نزم و هیچ و پووچە، زۆر جار کەسێکی دیکەی وەک خۆی لە دەوری خۆی خڕ دەکاتەوە و بە مێگەڵ کەڵەگەیەتی و ملهوڕی دەکەن. کەڵەگایەتی بە کۆمەڵ هێزی درۆیین دەدا بەو کەسانە و، بۆیەش توندوتیژتریان دەکا، واتە هێرش دەکەنە سەر قوربانییانێکی زیاتر و قوربانییەکان دەدرێنە بەر توندوتیژی زیاتر. کاتێک قوربانییەک دەکەوێتە بەر جنێو و سووکایتی و هێرشی کۆمەڵە پیاوێک، زیاتر هەست بە سووک بوون و چووک بوونەوە دەکا.



## ملهوڕە نەناسراوەکانی فەزای مەجازی

نزمترین شێوازی ملهوڕی و کەڵەگایەتی ئەوەیە کەسی ملهوڕ خۆی ئاشکرا نەکا و بە سیمای شاراوەوە دەست بکا بە سووکایەتی کردن و جنێودان بە خەڵک.

بە داخەوە دنیای مەجازی ئەو هەلەی ڕەخساندوە، خەڵکێکی زۆر بە ناوی خوازراو و ڕوخساری جۆراو جۆرەوە، دەست بکەن بە سووکایەتی کردن و جنیودان. خۆ ئەوان دەزانن، ئەوەی دەیکەن ناحەز و نەشیاوە، هەر بۆیەش خۆیان ئاشکرا ناکەن، هەتا بە کاری نادروست و لادان تاوانبار نەکرێن. بەڵام ئامرازی ملهوڕییان بەدەستەوەیە؛ کەسێک دەکەنە ئامانج ئەوانی قبوول نییە و، هەوڵ دەدەن بیکەنە قوربانیی ملهوڕیی خۆیان، هەتا لەئاست قوربانیی جنێو بە سەردا باریودا، هەست بە گەورەیی بکەن.

## تاووتوێی بنەماکانی هەستی هێژمۆنیخوازیی ملهوڕیی جینسی

ئەو پیاوە کوردانەی کە خۆیان بە سیاسی و دێموکڕاتیش دەزانن، چ پێویستییەکیان بەو ملهوڕییە هەیە؟ بنەماکانی کەموکوڕی کەسایەتی ئەوانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ کە دەبێ بە ملهوڕی قەرەبووی بکەنەوە و هەستی هێژمۆنی درۆیین بە خۆیان بباوەڕێنن؟ ئەو کەسانە بۆچی لە بەرانبەر ژنانی خەباتگێڕی کورددا هەست بە کەموکۆڕی و سووکی دەکەن، کە دەبێ بە زۆرەملی قەرەبووی بکەنەوە؟ یان بۆچی شێوەی ملهوڕی هەڵدەبژێرن؟

زۆر جاران کەسێک کە قوربانیی ملهوڕییە، خۆی ئەگەر دەرفەتی بۆ برەخسێ دەوری ملهوڕ بۆ کەسێکی لاوازی دیکە دەبینێ. ئەو پیاوانەی لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و دارایی پلە و پێگەیەکی شیاویان نیە، کڵۆل وهەڵۆڵن و بە کڵۆڵی خۆشیان دەزانن و، متمانەیەن بە خۆیان نیە، ڕەفتاری زۆرەملی لەخۆیان نیشان دەدەن، تا کەمیی ڕێزی کەسایەتی خۆیان بە بێڕیزی کردن بە کەسانی دیکە داپۆشن و هەست بە هێژموونی درۆیین بکەن.

## ملهوڕیی جینسی و چالاکیی سیاسی

بۆ نموونە ماوەیەکە کۆمەڵە پیاوێک لاپەڕەیەکیان بە ناوێکی نەشیاو (٢) کردۆتەوە دەستیان کردوە بە ملهوڕیی جینسی بە کۆمەڵ و، زۆر سووک و چرووکانە ڕوخساری خۆیان لە فەزای مەجازیی ئینترنێتدا حەشار دەدەن.

دیارە کەسانیکن رووما و چالاکە سیاسییەکان دەناسن و ئاشناییان هەیە، بۆیە ژنە خەباتگێڕە کوردەکان دەکەنە ئامانج و ئەو ژنە شۆڕشگێڕانە وەک قوربانی نییەتی خۆیان، گوڵبژێر دەکەن.

مایەی شەرمەزارییە ئەو پیاوانەی خۆیان بە خەباتگێڕ و دێموکڕات دەزانن، بە کۆمەڵ دژایەتی لەگەڵ ژن دەکەن. شەرمەزارتریش ئەوەیە کە خۆشیان بە ناحەزی و ناشێرینی کاری خۆیان بزانن و خۆیان ئاشکرا نەکەن و توندوتیژانە سووکاتەتیی بە هاوسەنگەر و هاوڕێیانی خۆیان بکەن. شەرم و نەگبەتی بۆ ئەو پیاوانەی پیاوەتییان وەک خۆیان دەڵێن لە «ضعیف کشی» و «دژەژنی»دا دەبینن.

## کاریگەریی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ملهوڕیی جینسی

ئەو ژنەی دەبێتە قوربانیی ئەم چەشنە زۆردارییە، دەتوانێ خاوەن کەسایەتییەکی پوخت و بە ئەزموونی کۆمەڵایەتی بێ؛ کە گوێی بەو توڕڕەهاتە نابزوێ. بەڵام ئەو شتەی ناکرێ پشت گوێ بخرێ، ئەوەیە کە ئەو پیاوە کوردانەی خۆیان بە خەباتگێڕ و سیاسی و دێموکڕات دەزانن، ئەو کارانە دەکەن، ئەگەر هاوڕێی من ئیزن بە خۆی بدا لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیکەی وەک خۆی لە سەر ئەندامی جینسیی من بە گاڵتە قسە بکا و قسەی سووک و بێ مانا لەسەر ئینترنێت بڵاو بکاتەوە، چۆن دەتوانم متمانەی پێ بکەم و لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا شان بە شانی تی بکۆشیم؟

کاریگەرییەکانی ئەو ملهوڕی و دژەژنییە تەنیا زیان بە ڕوحیەی ژنان و بێ متمانەیی ئەوان بەرانبەر بە پیاوان نیە. پاشهاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو ملهوڕییە زۆر زیاتر لەو کۆمەڵە پیاوە و کۆمەڵە ژنە قوربانی دەگرێتەوە. ئەو پرسە زیان بە ڕێزی هەموو پیاوانی سیاسی کورد و بە تایبەت ڕیزی پارتە سیاسیە کوردستانیەکان دەگەیەنێ، کە ئیدعای خەبات بۆ مافی گەلی کورد دەکەن.

## چاوەڕوانیی گشتی لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان

خەباتی سیاسی هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە پێناو پەرە و گەشەی دێموکڕاسی و مافی مرۆڤە. بەڵام ئەو پارتەی کە بنەماییترین مافی مرۆڤی ژنان پشتگوێ بخا، چۆن دەتوانێ ڕێبەریی خەبات بۆ بەرگری لە مافی خەڵک بکا.

بەرەنگار بوونەوەی ملهوڕە جنسییەکان کە بە داخەوە خۆشیان بە کوردی شۆڕشگێڕ دەزانن، ئەرکی هەموو ئەو کەسانەیە کە لە ڕیزەکانی خەبات دان و بۆ بەرگری لە ئابڕوو و ڕێزی خۆیان دەبێ ڕیزی خۆیان لەو ملهوڕانە جیا بکەنەوە و ئەو جۆرە کەسانە لە خۆیان دوور بکەنەوە.

پارتە سیاسییە کوردییەکان دەبێ هەرچی زووتر سنوورێکی پڕ ڕەنگ لە نێوان ئەندامانی خۆیان و ئەو کەسانە بکێشن و، داکۆکی لەو ژنانە بکەن کە کەوتوونە بەر شاڵاوی ئەو ملهوڕییانە. هەروەها دەبێ دەست بکەن بە کاری پەروەردەیی و ڕووناکبیری و بە دەنگی بەرزەوە ڕابگەیەنن دژی هەر چەشنە سووکایەتی و توندوتیژی دەروونی و وتەیی دژی ژنانن و هەر چەشنە دژەژنییەک مەحکووم دەکەن.

ڕێزی زیاتر بۆ ژنانی قوربانیی ملهوڕی

جنێو و سووکایەتی پێکردن لە لایەن ئەو جۆرەکەسانەوە کە هێندە ئازا و بوێر نین خۆیان

**لە فەرهەنگی ڕۆژاوایی «غەربی»دا ژنان شەرم لەو شتانە ناکەن و ئەگەر پیاوێک سووکایەتی جینسی بە ژنێک بکا، یان گوێی پێی نابزووێ، یان دەم بە دەمەی دەگەڵ دەکا و لە وڵامدانەوە دانامێنی. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتیدا ژنان بە هۆی شەرمێونی جاری وایە خۆیان دەکوژن**

ئاشکرا بکەن، زیان بە هیچ ژنێک ناگەیەنێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەستی ڕێزگرتنی هەمووان بۆ ئەو ژنانە زیاتر دەورووژێنێ؛ کە ئەو ژنانە چەند کۆڵنەدەر و خۆڕاگر و بەهێزن و لە چ هەلومەرجێکی دژواری فەرهەنگی و شان بە شانی کێ خەبات دەکەن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەبێ چاویان بە چاوی چ جۆرە پیاوانێک بکەوێ و دەستەویەخەی چ کێشە و ئارێشەیەک بن.

ئەو ژنە خەباتگێڕە کوردانە دەگەڵ دواکەوتووترین شێوەی توندوتیژی پیاوسالاری ڕووبەڕوون، ئەویش لە لایەن هاوڕێکانی خۆیانەوە. بەڵام کۆڵ نادەن.

سڵاو بۆ ئەو ژنانە کە هاوکات لە دوو مەیدانی زۆر جیدیدا خەریکی خەباتن، لە لایەکەوە لە مەیدانی سیاسەتدا هەڤرکێی ڕەقیبە سیاسییەکان دەکەن و، لە لایەکی دیکەشەوە لە مەیدانی خەباتی فەرهەنگیدا هاوڕێیانی پیاوی خۆیان تەربیەت دەکەن و ئەلفوبێی ڕەفتاری مرۆڤیان فێر دەکەن.

(١) و (٢) «گۆڵەکەرەکان»!!

(*) سوهەیلا وەحدەتی

**کەسایەتیی سەربەخۆی مافی مرۆڤە. لە بوارەکانی دژی سەنگسار، ئێعدام، وەک ئێعدامی منداڵان و جیابیران، مافی ژنان، بە دەیان وتار و بابەت و لێکۆڵینەوەی نووسیوە. یەکێکی دیکە لەو بوارانەی ناوبراو لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوە نەخشی زمان و وشەکان لە سەرکوتی ژنان و پێشێل کردنی مافی مرۆڤە.**

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٦١

١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# ڕەوتی ئەدەب و فەرهەنگ لە مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان‌دا



عەلی لەیلاخ

بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد رۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی یەکێک لە کۆنترین حیزبە سیاسییەکانە، بێگومان بەسەر رەوتی ئەدەب وفەرهەنگی کورد بە تایبەتی رۆژهەڵات شوێندانەری خۆی هەبووە، چونکە هەر بزاڤێکی سیاسی لەسەر ڕواڵەت و ناوەرۆکی ئەدەبیاتی ئەو گەلە کاریگەریی هەیە. ئەمە لەلایەک و لە لایەکتر ئەدەبی بەرگریی (مقاومت) هەڵقوڵاوی هەلومەرجی خۆڕاگرانە و بەرگریی کردنە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم دووخاڵە گرینگ و شوێندانەرە و بە خوێندنەوەیەکی خێرای بۆمان دەردەکەویت کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان واتە خەباتی میللی دیموکراتیکی رۆژهەڵات لە تەمەنی دوور و درێژی 70ساڵەی خۆی هەم بەسەر زمان و ئەدەبی کوردی کاریگەریی هەبووە هەم لە ورووژاندنی ئەدەبی بەرگریی. کاتێک پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە سەر بەستێنی کۆمەڵەی ژ.کا ڤ، بە ئایدیایەکی نەتەوەیی حیزبێکی مودێرن بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن و پاشان لە دووی ڕێبەندان دەوڵەتی کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنن ئەگەرچی تەمەن و ئەزموونی ئەم دەسەڵاتە کوردییە کورت بوو، بەڵام لە لێکدانەوەی مێژوویی و زانستییانە دەردەکەوێ کە تا ئەوکات کورد هیچکات سیاسییانە لە گەڵ داگیرکەران و هاوکێشەسیاسییەکان بەشێوە زانستی هەڵسوکەوتی نەکردبوو، بەڵکوو زیاتر بە چەشنی ئیحساسی /فەلسەفی بەربەرەکانی کردووە، هەتا بە بیرمەندیی پێشەوا لە هەلومەرجێکی هەستیاردا کورد قەبارەی نەتەوەیی بە خۆی دەگرێ و بۆ گەیشتن بە مافی سیاسی و فەرهەنگی و جوغرافیایی خۆی دێتە مەیدانەوە. بە لەبەرچاو گرتنی رەوتی مێژووی ئەدەبی هەرگەڵێک دەردەکەوێ کە هەموو سەرهەڵدان و رووداوەکان بەسەر وێژە و ئەدەبی ئەو گەلە کاریگەریی هەبووە. لە لایەکی‌تر هەموو بیرۆکە سیاسییەکان بۆ بەرەوپێش بردن وجێ خستنی بیرۆکەی خۆیان هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە هونەر وەکوو زمانێکی جوان و شوێندانەر کەڵک وەربگرن. بۆ نموونە نیزامی فاشیستی ئیتالیا بەتەواوی هونەری سینەمای کردە تریبۆنێک بۆ بانگەشەی خۆی.کەڵک وەرگرتنی ئەرێنی و نەرینی لە هونەر بەگشتی بابەتی ئەم باسە نیە کە جێگەی مشتومڕو خەسارناسییە. بەڵکوو لەم بابەتە هەوڵ دەدرێ کاریگەریی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵات و لە ژێر ناوی حیزبی دیمۆکرات، بەسەر ورووژاندنەوەی هەستی شوناسخوازی تاکی کورد لە رایەڵی ئەدەبیاتەوە بخەینە بەر باس.

یەک لە خەسارە هەرە گەورەی گەلی کورد لانیکەم لە دوای شەری ئەوەڵ و دووهەمی جیهان کە بۆتە لەمپەرێک کە ئەم گەلە نەتوانێ بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات، لاوازی ناسیونالیزمی کوردیی بووە. ئەگەر پێشەواقازی محەمەد بە وردبینیەوە چاو لە بواری فەرهەنگ دەکات وفەزای سیاسیی کۆمار بە کراوەیی دەهێڵێت و تەنانەت خەڵاتی شاعیری میللی دەبەخشێت بە مامۆستا "هێمن"ی لاو، نیشان لەوەیە کە وەکوو سەرۆک حکوومەتێک هەستی بەوە کردبوو کە زمانی ئەدەب و هونەر کاراترین و بەهێزترین زمانە بۆ گەیاندنی دەنگی حەقخوازیی و بۆ ورووژاندنی هەستی نەتەوەیی لەنێو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە هەر بەو شێوە کە سەردەمانێک دوای هاتنە ئارای بزووتنەوەی چەپ لە جیهان و هەڵکردنی هێندیک دروشمی ئینسانی وەکوو یەکسانیخوازی و دادپەروەریی بەشێکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی لە دەوری خۆی خڕکردەوە بەهەمان شێوە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە هۆی ئەوەی کە هەڵگری بیری نەتەوەیی و دیمۆکراتیک بوو هەر لەسەرەتاوە بەشێکی زۆر لە نووسەران وفەرهەنگ دۆستانی دەروەست روویان تێکردوە، دەتوانین بڵێین هاتنە مەیدانی قەڵەم بەدەستانی هەڵسوور و دڵسۆز وەکوو "هیمن و هەژار و قزڵجی و...گرینگی دان بە پەرەی فەرهەنگ و ئەدەب میراتێکی بە بایەخە کە لە حکوومەتە ساواکەی پێشەوا بە یادگار ماوەتەوە.کە بەشێکی بریتین لە دەرکردنی رۆژنامە و بڵاڤۆکی



کوردی،گۆڤاری تایبەت بە ژنان و منداڵان، نواندنی شانۆ و هەروەها یەکەم کورتە چیرۆکی کوردی بەناوی "پێکەنینی گەدا" هەر لەسەردەمە دەنووسرێت. دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان درێژەدەری ئەو رێچکە و رێبازە واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەرگەرچی نێوەی زیاتر لە تەمەنی خوی نە تەنیا خاوەن دەسەڵات نەبووە، بەڵکوو لە دەربەدەری و تاراوگەنشینی ژیاوە. سەرەڕای ئەمە ئەگەر ئاورێکی خێرایی بدەینەوە لە مێژووی ئەم بزاڤە بە دیدی ئینسافەوە هەڵیسەنگێنین بۆمان دەردەکەوێ، کەمی خزمەت بە بواری ئەدەب و فەرهەنگ نەکردوە، بەڵکوو سەرەڕای هەلومەرجی ئاستەم و نەخوازراو زۆریش بۆ خزمەت بەم بوارە هەوڵی داوە هەرچەند جێگەی خۆیەتی لە سەر رەکەبەرایەتی سیاسی و لەیەک حاڵی نەبوون و کەم لوتفی کردن بە چەند کەسایەتی ئەدەبی لە کاتی خۆی! وەکوو خەسارێک لە بەرچاو بگیردرێت کە چیتر دووپات نەبێتەوە. بەڵام کارنامەی ئەم حیزبە لە بواری ئەدەب و فەرهەنگەوە بە نیسبەت رێکخراوەکانی دیکە کارنامەیەکی خاوێنی هەیە، دەتوانین لەم دوو سۆنگەوە ئاماژەی پێبکەین:

1-گەشە و پەرەپێدان بە زمانی کوردی

زمان وەکوو بنەڕەتی‌ترین هێمای نەتەوەیی و مافی رەوای گەلان هەر لە دەسپێکی دامەزرانی حیزبی دیمۆکرات واتە سەردەمی کۆماری کوردستان گرینگی خۆی هەبووە ئیستاشی لە گەڵ بێ هەر ئەو بایەخەی هەیە. لە کاتێک کە یەکێک لە سیاسەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت رێژیمی پاشایی حاشاکردن و قەدەغەکردنی ئەلفوبێی کوردی بوو بە مەبەستی تواندنەوەی کورد لە ئێران. حیزبی دیمۆکرات لەوپەڕی بێ‌ئیمکاناتی‌دا زۆر هەوڵی داوە بۆ زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی و هاوکات لە گەڵ خەباتی سیاسی بە چاپ و بڵاوکردنی رۆژنامە بە زمانێکی رەسەن وپاڕاو بۆتە فێرگەی ڕاهێنان و بارهێنانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان.

2-سەرهەڵدانی ئەدەبی بەرگریی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و تەشەنەی بۆ پارچەکانی دیکەش

ئەدەبی بەرگریی وەکوو ناسراوترین و بەهێزترین مژاری هونەری ئەدەبیات لە نێو هەموو گەل و نەتەوەیەک جێگە و پێگەی خۆی هەیە و بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبێکی ئینسان تەوەر و ئاشتیخوازانەیە. وەک لە ناوەکەی دیارە باس لە بەرگریی دەکات نەک هێرش. ئەم ژانرە ئەدەبییە لە نێو ئەوگەلانە کە بەهۆی ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی چەوساوەنەتەوە بە پیت و پێزترە نموونەی دەرەوەی کوردستان ئەدەبی بەرگریی وڵاتانی ئەمریکای لاتین"ە و ئافریقاییە کە هاوشان لە گەڵ تەقەی چەکەکان، قەڵەمەکانیش بۆ بەرەنگاریی رۆڵی خەباتکارانەیان هەبوو. ئەدەبی بەرگریی هەر گەلێک کە وەردەگێڕدرێ، دەبێتە پردێک بۆ ناسینی مێژووی ئەو گەلە. بێ‌شک کوردیش بە درێژایی مێژوو، گەلێک و زوڵم لێکراوبووە هەر ئەمەش کاری کردوە بەسەر ئەدەبیاتەکەی بەتایبەت لە دوای هاتنە ئارای ناسیونالیزم و شۆڕشە شێعریکەی حاجی قادرکۆیی. ئەگەر بمانهەوێت لە ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی نوێ لە ژنرای شێعری بەرگری نموونە بێنینەوە، "هێمن موکریانی" و "شیرکۆ بێکەس" دەتوانین ناوبەرین. شێعری ئەم دوو شاعیرە باس لە خەباتی رەوای کورد و ئارەزووی ئینسانی و ئەوین و عشقێکی جیهانیە. "هێمن "گۆش کراوی بزاڤی رۆژهەڵاتە و بێ شک بەسەر بیروزەینی شاعیرانی دوای خۆی کاریگەریی داناوە. جێ وەبیرهێنانەوەیە خەباتی رەوای کورد لە رۆژهەڵات لەسەردەستی حیزبی دیمۆکرات چ لەباری سیاسییەوە چ لەباری فەرهەنگی کاریگەریی هەبوە بەسەر پارچەکانی دیکەش کە وەکوو وەفاداریەک بەم بزاڤە خوێناوییە لە شێعری شاعیرانێک وەکوو شێرکۆ بێکەسی هەرمان و"پەشێوی"خۆڕاگر دەیان شێعر و هەڵبەستی جوان بە جوانی دەدرەوشێنەوە.

ژوانگەی خۆر

## شێعر هەموو کەسی شێرکۆ بوو



ئەرسەلان چەلەبی

شێعر جیهانێکی تژی لە جوانییە، چوارچێوەیەکی تایبەتی نییە و سەر بە هەموو لایەنێکی ژیان دا دەکا و هەموو ڕاستییەکانی ژیان هەست پێدەکا و بە شێوازێکی کە دەڕوانێتە جیهان و گشت بوونەوەرێک. یەکێک لەم دیاردە دەگمەنانەی کە لە جیهاندا هیچ یاسا و پێناسەیەکی تۆکمە هەڵناگرێ، ئەگەریش پێناسە هەڵگری ئەبەدی نییە. ڕەنگە شێعر بێ، بە واتایەکی‌تر شێعر کاری خۆی دەکا.

هەر وەک ڕوون و ئاشکرایە شێعر لە وڵاتی ئێمە واتە کوردستان مێژوویەکی تایبەتی هەیە و لە سەرتاوە تاوەکوو ئێستا گەلێ کەڵە شاعیری باش و بەئەزموون و تا ڕادەیەک جیهانی لێ‌هەڵکەوتووە و بە گشتی تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی زەفەر بەرێتە ناو خەڵک و کۆمەڵەوە و ببێتە بەشێک لە ژیان و جیهانی ئەوان. شیرکۆ بێکەس یەک لەو شاعیرە مەزنانەی مێژووی ئەدەبی کوردە کە سامانێکی دەوڵەمەند و بە شکۆی لە شێعری کوردی بۆ کتێبخانی کورد مسۆگر کرد. شاعیرێک کە شێعرەکانی لە گەڵ هەموو زام و ئێشێکی نەتەوەی هەنگاوی هەڵدێناوە و باڵی بە سەر هەموو برینەکانی گەل دادێنا. شێرکۆ بێکەس هەوارێکی ئاوەدان و کوێستانێکی سێحراوی شێعر بوو. دەستی وشەی دەگرت و لە جوانترین مەنزڵگەی ئەوینی شێعریدا نیشتەجێی دەکرد. شیرکۆ شکۆیەکی هەرمان و ڕازاوەی بە شێعر بەخشی، لە پەنجەرەیەکی ترەوە دەیڕوانییە خاک و وڵات و مێخەکبەندەکانی نیشتمان. سیلەی لە نێوچاوانی تاریکی دەگرت و بەرەنگاری دووکەڵ و دێوەزمەی وێرانی دەبۆوە، شێعرەکانی بەردەوام دەبوونە پێشمەرگە و وڵاتی پێ دەلاواندەوە.

شێرکۆ تەنیا شێعری نەنووسی، بەڵکوو لە تەنیشت شێعرنووسینەوە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بووە و چەکی بەرگری لە وڵاتیشی لە شان کردووە. شێعرەکانی شیرکۆ وێنەیەکی ڕاستینمان بۆ دێنێتە بەرچاو کە هەموو چەرمەسەرییەکانی کوردی تێدا دیارە، دەتوانی شۆڕشەکانی کوردی تێدا ببینینەوە، سەرکەوتنەکان، شکستەکان، پێکەنین و گریان. شێعری شیرکۆ گێڕانەوەی خەفەتەکانی دایک و هەنیسکی منالانی چاو بە گریان و چارەنووسی گەلێکی چەوساوە و ژێر دەستە کە لە هەوڵ و خەبات بۆ ئازادی نەوەستاوە.

شێعری شیرکۆ بە زمان و بە فۆڕمێکی نوێوە بە وێنەی مەلە کۆچەرییەکان، ئاسمانی گەرمیانی شەهیدی بە سەر دەکردەوە، بە دەم شنەی ئازادییەوە دەگەیشتە کرماشان و سنە، لە موکوریان پشووی دەدا و لە سەر درختەکانی دیاربەکر دەنیشتەوە، هێلانەکانی قامیشلووی ئاوەدان دەکردەوە و بۆن و بەرامەی ئاشتی و جوانی و تیشکەکانی ئەبەدییەتی بۆ هەموو کون و قوژبنێکی کوردستان دەبرد.

بە دڵنیاییەوە شیرکۆ بێکەس دەورێکی کارای بووە لە ناساندن و زەق کردنەوەی ژێنۆساید و جینایەتەکانی نەیارانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان. چ لە کیمیابارانی هەڵەبجە، چ لە ئەنفال و هەروەها هەموو نەهامەتییەکانی گەلی کورد، گۆڕستانی چراکان، دەربەندی پەپوولە و چەند کتێبە شێعری کەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەو بابەتە، هەمووی ئەو کتێبانەش سەرچاوەیەکی گرینگ و بە بایەخە، هەم بۆ ژێنۆسایدی گەلی کورد، هەمیش لە رووی جوانکاری و نوێبوونەوەی شێعری نوێی کوردی کە پەنجەرەیەکی تری بە ڕووی جیهانی شێعری کردوە.

بە دڵنیاییەوە هەتا کورد بمێنێ شیرکۆی شاعیر و شۆڕشگێڕیش هەرمانە و هەموو دەم سێبەری بە سەر مێژوو و کلتوور و زمانی ئێمەوە قورسایی دەکا. شێرکۆ بەشێکی دانەبڕاوە لە زام و ئێشەکانی گەل، هاوڕێی خەم و خۆشییەکانمان بوو، هاوکات لە گەڵ نەتەوەکەی هەم دەگریا و هەمیش پێدەکەنی. شێرکۆ لە ژیانی ئەدەبی و سیاسی خۆیدا هیچ کات خۆی لە کۆمەڵگا و کێشەکانی سەردەمی خۆی جیا نەکردەوە و هەموو کات لێی بە خاوەن دەردەکەوت. لە کۆتاییدا دیسانەوەش دەڵێن کە:

شێرکۆ بێکەس: شۆڕشگێڕی شێعر و نەتەوە بوو.

..........................................................................

......................................................

.....................................

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:661 August 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


بەر لە ماڵاوایی

## لاوەکان، لە سەر ڕێگا و ڕێبازی خەباتکارانەی دایک و بابیان



قادر وریا

هاوینی ساڵی ڕابردوو، کۆمەڵێک لە کچان و کوڕانی بنەماڵە حیزبییەکانی دانیشتووی ئورووپا کە ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بۆ بەشداری لە خولێکی فێرکردنی حیزبی، هاتبوونەوە کوردستان. هاوینی ئەمساڵێش چەندین کچ و کوڕی بنەماڵەی تێکۆشەرانی حیزبی لە کوردستان کە ئەوانیش ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتن، لە خولێکی فێرکردن دا کە فێرگەی حیزب بۆی پێک هێنابوون بەشدار بوون. دیارە پێشتریش نموونەی لەو چەشنە هەبووە و کوڕان و کچانی بنەماڵە دێموکراتەکان، یەکەم جاریان نیە بەشداری خولەکانی فێرکردن و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبن.

لە هەر دوو خولی ئەم هاوینە و هاوینی ساڵی ڕابردوو دا شانسی ئەوەم هەبوو بابەتی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک وانە بەو لاوانە بڵێمەوە. نایشارمەوە کە هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو کە فێرخوازان و قوتابییەکانم ئەو لاوانەن کە منداڵی بنەماڵە حیزبییەکانن. لەوانەیە لێم بپرسن هۆی ئەم خۆشحاڵی و ڕەزامەنییەم چ بوو؟

با بە ڕاشکاوی بڵێم من نە ئەوەندە دەمارگرژم کە پێم وابێ هەر کەس دایک و بابی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ، دەبێ بۆ خۆشی ببێتە ئەندامی ئەم حیزبەو، مافی ئەوەی نیە حیزبێکی دیکە و ڕێگا و ڕێبازێکی دیکە هەڵ ببژێرێ، نە ئەوەندەش دڵ ئاوەڵام کە پشتکردنی ئەوان لە رابردوو و بیروباوەڕی دایک و بابیان، بە شتێکی ئاسایی بزانم. کورت و کورمانجی پێم خۆشە ئەو لاوانەی لە نیو بنەماڵەی دیموکرات و لە داوێنی حیزبی دیموکرات دا لە دایک بوون و گەورە بوون، لە کوردستان دەژین یا لە دەرەوەی وڵات یا لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر نەبێ کەسێکی نەتەوەیی بن و «ئینتیما»یان بۆ زمان و مێژوو و کولتووری نەتەوەکەیانو پرسی کورد لە تەواویەتی خۆی داو بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. ئەگەر خۆیان بۆ گرنگترین و باشترین فکر و بزووتنەوەکانی ئەم سەردەمەش تەرخان بکەن بەڵام لە ئاست نەتەوەکەیان بێهەست و بێخەم و بێهەڵوێست بن، هەر بە خراپی دەزانم. لاوێکی کورد لە هیچ بارودۆخێک دا، نابێ پرسی نەتەوەکەی کە پرسی نەتەوەیەکی دابەشکراو، بندەست ، بێماف و نیشتمانداگیرکراوە، پشتگوێ بخا. لاوێکی کوردی ڕۆژهەڵاتییش کە پێم باشە کەسێکی نەتەوەیی بێ، ئەگەر خۆی بۆ پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان تەرخان بکا، واتە لە باکوورییەکان باکووریتر، لە باشوورییەکان باشووریتر، لە خۆراواییەکان خۆراوایتر بێ کە چی کاری بە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبێ، گومان لە نەتەوەیی بوونەکەی دەکەم و لە جیاتی بە نەتەوەیی بزانم بە هەڵخەڵەتاوی دەزانم. کەسێک لە ئاست ئەو بەشەی کوردستان کە بۆ خۆی و دایک و بابی لەوێوە هاتوون و داهاتووشیان بەوێوە گرێدراوە، خۆی بە ئەرکدار نەزانێ و هەست بە بەرپرسایەتی نەکا، ناچێتە عەقڵمەوە دڵسۆزییەکەی بۆ بەشەکانی دیکە ڕاستەقینە و سروشتی بێ.

کەواتە هۆی خۆشحاڵیم لە دیتنی ئەو جۆرە لاوانە و بەشداربوونی بە یەکەوەمان لە چالاکی و کارێکی هاوبەش، لە پێشدا هی ئەوەیە کە دڵنیا دەبم نەتەوەکەیان لە بیر نەکردوە و بایەخدان بە پرسی کورد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئەولەوییەتی چالاکیی فکری و سیاسییان دایە. هۆیەکی دیکە بۆ خۆشحاڵیم ئەوەیە کە دەبینم ئەو لاوانە لە گەڵ بیرو باوەڕ و ڕێگا و ڕابردووی دایکوبابیان نەک هەر هەست بە نامۆیی ناکەن بەڵکوو وەک باوەڕ و ڕێگای خۆشیان قبووڵیانە وئامادەن بۆ درێژەدان و بەرەوپێشبردنی، خۆیان پێ بگەیەنن. لە ڕاستیدا هەر دەشبێ وابێ. ڕێگا و باوەڕێک کە لە سەرووترین و خواروترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لاوانی کوردستان ڕووی تێ دەکەن و بە سەدان کیلۆمیتر بە نێو دەیان مەترسی دا دەبڕن تا بگەنە سەرچاوەکەی، چۆن دەکرێ ئەوانەی لە سەرسەرچاوەکە و لە نێو سەرچاوەکەن، هۆگری نەبن و قەدر و بایەخی نەزانن؟!

گرنگیدانی کچان و کوڕانی بنەماڵەی تێکۆشەرانی دیموکرات بە ئاشنابوون لە گەڵ بیرو باوەڕ و بەرنامە و مێژووی حیزبی دایک و باوکیان و، خۆتەرخانکردنیان بۆ خزمەتی ڕێگا و ڕێبازێک کە ئازیزترین کەسەکانیان، دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆیان تێدا تێپەڕ کردوە، هەڵگری واتا یا پەیامی گرنگە. یەکێک لە واتاکانی ئەوەیە کە دایک و بابەکان و ئەو نەسلەی تەمەنێک لە خزمەت حیزبی دیموکراتی کوردستان دابوون، ڕێگاکەیان بێ ڕێبوار نامێنێتەوە و ئاڵای دەستیان لە دوای خۆیان ناکەوێتە سەر زەوی و بە هۆی نزیکترین کەسەکانی خۆیان، دەشەکێتەوە. دووهەم واتای ئەوەیە کە ئەو لاوانەی لە داوێنی حیزبی دیموکرات و لە باوەشی دایک و باب و بنەماڵەیەکی دیموکرات دا، گەورە و پەروەردە بوون، بێ ئەمەگ نین و دەزانن کە ئەم حیزبە سەرەڕای هەموو ئەو سەختی و دژوارییانەی لە گەڵیان بەرەوروو بووە، دیسانیش ئەوانی لە بیر بووە و کۆمەڵێک ئیمکان و شانس و دەرفەتی بۆ خۆ پێگەیاندنیان تەرخان کردوە، هەر بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوانیش ئەم چاکەیەی بدەنەوە. سێهەم واتای ئەم هەڵوێستەی لاوە دیموکراتەکان ئەوەیە کە هەست بەو ڕێز و خۆشەویستییە دەکەن کە دایک و باب و بنەماڵەکەیان بە هۆی بوونیان لە ڕیزەکانی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی دیموکرات دا، لە نێو کۆمەڵگە دا وەدەستیان هێناوە. ئەوان بە درێژەدانی ڕێگای دایک و باوکیان، دەیانەوێ ئەم خۆشەویستییە بۆ بنەماڵەکەیان بپارێزن و بۆ شەخسی خۆشیان بە دەستی بهێنن.

**

ئێستا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەو جێژنی حەفتایەمین ساڵرۆژی دامەزرانی دەچێ،جێی خۆیەتی قامک لە سەر ئەو هۆکارانە دابنێین کە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی ئەم حیزبەیان سەرەرای هەموو کارەسات و کۆسپ و ڕووداوەکان، دابین و دەستەبەر کردوە.هاتنە پێشەوەی نەسلە نوێیەکان بۆ تێکۆشان لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا وشەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای خەبات و تێکۆشانی،یەک لەو هۆکارە گرنگانەیە، با ئەم بەختیارییە ببینین و قەدری بزانین.

## حەفتا ساڵ فەخرو شانازی



ئەحمەدی قادری

حەفتا ساڵ شۆرش و خەبات
حەفتا ساڵ فەخرو شانازی
حەفتا میداڵی سەرکەوتن
حەفتا شەمی شەوگار بەزێن
قوربانی دان و کۆڵ نەدان
بەڵگەو کارنامەی خەباتن
ئەی حیزبی پێشەوا قازی!
تۆ ناسنامەی کوردی گوردی
گەلاوێژ کە ڕوون و تەرزە
تۆ خوێندنگەی لاوی ژێری
سەرت لە تەشقی ئاسمانە
ڕەوەی هەورت لە ژێرپێ یە
تۆ مەشخەڵی داگیرساوی
بانگی هەستان و ڕابوونی
هەر تۆ بووی قیبلەگای کوردان
مێژوت لە نوێ بروژاندەوە
یەکەم کۆماری کوردستان
هیوای کوردی ڕەنجەڕۆبوو
لە ڕێی تۆ دا مەزن و سەردار
لە دوای حەفتا ساڵ کۆڵ نەدان
ئێستاش ئاڵات شەکاوەیە
هەڵۆی بەرزی لێ نەبڕاوە
سەرمەشقی مێژوی خەباتی
کۆیە، ئازادی ژمارە دوو

بڕینی ڕێی هات و نەهات
خەبات و خوێن و گیانبازی
هەدانەدان و نەسرەوتن
حەوت دەیەی دوژمن تەزێن
زۆر سەرکەوتن و تێ شکان
مێژوی حیزبی دێموکراتن
کە پێشرەو بوو بۆ گیانبازی
شاهۆی، قەندیلی، هەڵگوردی
بە ناوی تۆوە سەر بەرزە
زانکۆی پیری بە تەدبیری
ناوت هاوتای کەشکەشانە
ناحەزت جەرگی توێ توێ یە
شووورای قەڵای نەگیراوی
ئاسۆی ڕوونی ڕزگار بوونی
کردت بە نەورۆز ڕێبەندان
ئاڵای کوردت شەکاندەوە
رزگاری دەری بن دەستان
بەرهەمی خەباتی تۆ بوو
بە سەر بەرزی چوونە سەر دار
زۆر سەرکەوتن و تێ شکان
چیا و کەژ بە تۆ ڕازاوەیە
ناوت هەروا بەرزە ناوە
مەشخەڵی ڕێگای نەجاتی

٣١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ هەتاوی

فرمێسکەکانم بە تیشکی بەرەبەیان
زێڕینن
دەفتەری شێعرم
داتەکاند
بە ئاراستەی شنەی باکوور.
وشەکانم هەڵوەراند
بەرەو شاری دڵداریم
بۆ ڕۆژهەڵاتی زنجیر کراو.
وشەکانم دایە دەستی شۆڵاوکەی ڕووبار
بوون بە چیرۆکی ژیان
باسی ئازادی ببەنەوە
بۆ خەڵکی یەخسیرم
لە ڕۆژهەڵات.
خەونەکانم
پڕن لە دۆستان
پڕن لە ناڵەی بێکەسان
پڕن لە ئازاری دەستە پەڕیوەکان

جەستە خوێناوەڵەکانی مەیدانی ڕەجم
ئەستۆ شکاوەکانی
پەتی سێدارەی سەر شەقام.
ئیدی دایکم ناگری بۆ دووریم
و دایە گەورە
ڕۆحی ئاسوودەیە لە بەهەشت
و دایکی مەنسور ئاروەند
چاوەڕێمە
دەبێ بگەمە خانووی دڵە خەمبارەکەی
بۆ کوتنەوەی وشەی ڕەمزاویی
سڵاو ئازادی!
سڵاو ڕزگاری! ...

ئازاد کەریمی

کونەڕێ – سەرسنوور – سەنگەرەکەم

١٣٩٤/٤/١٤